# کوردستان
# لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی
# فرەنسی لە بەغدا
# ساڵی ١٩١٩

بەرگی یەکەم

نەجاتی عەبدوڵڵا

لە فرەنسییەوە کردوونی بە کوردی،

پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٤

## پێشکەشە بە :

ئەم بەرگی یەکەمە

بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی

حەمدی بەگی بابان (١٨٧٠-١٩٦٠)،

ئەو سەرکردە کوردەیەی کە ساڵی 1919

داوای کۆنفیدراسیۆنێکی کوردی لە دەسەڵاتکارانی ئینگلیز

کردووە کە لە کفری-خانەقین تا وان-بتلیس- دیاربەکر و

ئەدەنە دەگرتەوە، کە بەلای کەمیەوە دەبوو دوو هەرێمی

دیکەی کوردیشی بچێتە سەر لە باکووری ڕۆژئاواوە.

دیاری و پێشکەشە.

وەرگێڕ

# پێشگوتار

ڕەنگــە ســاڵەکانی دوای یەکــەمین جــەنگی جیهــانی و هەڵوەشــاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی بۆ خۆی بۆ کورد لەو ساڵە گرینك و چارەنووسسازانە بن کە پڕن لە ڕووداو و پێشهاتی سیاسیی گرینگ. لە نێو ئەم ساڵانەدا ساڵی ١٩١٩ لە هەموو ڕوویێکەوە شایانی لێکۆڵینەوە و گرینگی پێدانی تایبەتە.

هـەر دوای داگیرکردنـی بەسرە لـە لایـەن سوپای بریتانیـای فەخیمـە لـە ٢٣ ی ئـاداری ١٩١٤، هاوپەیمانـەکان لـە بەسـرە جـێگیر بـوون و دواتـر پـێ بـەپێی بەشوێنداچـوونی ڕووداوەکـان شـۆفار و کونـسڵ و کـاردارە سیاسـیەکانی هاوپەیمانـەکان لەگـەڵ بـەرەو پێـشەوەچوونی هاوپەیمانـەکان کەوتنـە کـاری سیاسـی و لـە لایـەنی فڕەنـسییەوە شـارل ڕۆ Charles Roux وەکـوو کونـسڵی فڕەنــسا لـــە بەســـرە کەوتـــە کـــارکردن و دواتـــریش دوای ئاگربەســـی مـۆدروس Moudras لـە ٣٠ تـشرینی یەکـەمی ١٩١٨دا، دوای ئـەوەی هەرسـێ ویلایــەتی بەســـرە و بەغـــدا و مووســـڵ کەوتنـــە ژێـــر دەســـەڵاتی بریتانیـــا، کونسڵخانەی فڕەنسی بە ڕەسمی سەرەتای ساڵی ١٩١٩ لە بەغدا کرایەوە و ئەم ئەرکە بە شارل ڕۆ Charles Roux سپێردرا و ڕەوانەی بەغدا کرا.

فڕەنــسا و بریتانیــا دوو هاوپــەیمانی کۆلۆنیالیــستی ئــەوروپی کەوتنــە دابەشـکردنی ناوچـەکە بـۆ خۆیـان و زۆر بـە گـەرمی بایـەخیان بـەم ناوچـە داگیرکراوانە دەدا و وەکوو سەرچاوەی خێر و بێر تەماشایان دەکرد. ڕاپۆرت و برووسکەنامەکانی کونسڵخانە لە بەغداوە بۆ وەزارەتی جەنگ لە پاریس پێ لەسەر ئەم ڕاستییە دادەگرن. ئارشیڤی کۆشکی ڤانسێن château de Vincennes بەشی سوپای زەمینی کە یەکێك لە ئەرشیفە هەرە دەوڵەمەندەکانی فڕەنسایە. بەشی زۆری برووسکەنامە و بەڵگەنامەکانی کونسلخانەکانی فڕەنسای تێدایە، لە

ناویشیاندا بەڵگەنامەکانی کونسڵی فرەنسا لە بەغدا. خۆشبەختانە من لە ناو ئەم ئەرشیفخانە نایابەدا لە ناو کارتۆنەکانی تایبەت بە ساڵەکانی [1] ١٩١٧-١٩٢١ لە ناو ئەو برووسکەنامانەی کە شارل ڕۆ Charles Roux لە بەغداوە بۆ پاریسی هەناردوون.، هەموو ئەو بەڵگەنامانەی سەروساختێکیان لە گەڵ مێژووی ئێمەدا هەیە و من بەردەستم کەوتوون لێرەدا کراون بە کوردی و هاوکات لە گەڵ ئۆرگیناڵە فرەنسیەکە بەسەریەکەوە بڵاوکراونەتەوە.

ئەم بەرگی یەکەمە پێم باشبوو تەنها تەرخانی ساڵی ١٩١٩ بکەم و بەرگەکانی دواتر تەرخانی ساڵەکانی دواتر بکەم. ئەم بەڵگەنامانە چونکوو بۆ کاری نهێنی و بە مەبەستی زانیاری کۆکردنەوە نووسراون و زۆر نهێنین، بۆیە ئەمە ڕوییێکی زۆر ڕاستبێژی دەداتە بەڵگەنامەکان.

لە وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامانەدا ڕووبەرووی دوو گرفتی زۆر گەورە بووینەوە کە زۆرجار دەگەیشتە ئەو ئاستەی ساردیان دە کردمەوە و هەر خەریکبوو دەستبەرداری وەرگێڕانیشیان ببم.

یەکەم: بە داخەوە لە زۆر جێگەدا و بە شێوەیەکی زۆر دووبارە و چەند بارەبوو تەنها نووسراوە ( ووشەی نهێنی ) mot passé کە ئەمە کۆدی نهێنی نێوان کونسلخانە و وەزارەت بووە لە پاریس، کە وادەبێ ووشە نهێنییەکە بەراستی نازانرێ چییە. یان لە زۆر جێگەدا نووسراوە ( gr.faux ) کەس نازانێ مەبەست لەم (gr.faux ) انە چییە کە وا پێدەچێ مەبەست لەمە گروپێکی نەناسراو یا ووشەیەکی نەخوێندراو بێت یان هەر بە ئەنقەست بەمشێوەیە نووسرابێ ، ئێمە لەمبارەیەوە ڕاوێژی پسپۆرەکانی ئەم بوارەشمان کرد بەڵام بە داخەوە شتێکمان وەگیر نەکەوت، بۆیە بریارماندا لە جیاتی ئەم ووشانە، واتە لە هەر جێگەیەکدا

---

[1] ئەم بەڵگەنامانەی ئێرە بە پلەی یەکەم لەم زنجیرە کارتۆنانەی خوارەوە وەرگیراون و کراون بە کوردی :

١- ٦ N ١٩٦ ( Fonds Clemenceau ) – Rensignements levant ١٩١٧-١٩٢١
٢- ٧ N ١٦٤٨ - Attachés militaires- Turquie (١٩١٧-١٩١٩).

**لە دەقە فرەنسییەکە نووسرابێ (gr.faux ) یا ( gr.faux ١) ئێمە لە بریتی بە کوردی نووسیومانە ( ووشەیەکی نەناسراو).**

**دووەم: گرفتی دیکەمان ئەوە بوو کە بەڵگەنامەکان هەر بەراستی بە فرەنسییەکی زۆر بێسەروبەر و ناقۆڵا نووسراون کە بەراستی وەرگێرانییان کارێکی هێندە ئاسان نییە. بەڵام هەرچۆنێك بوو بینم لە وەرگێرانی بەرگی یەکەم نا کە ئێستە لەم بەرگەدا (٦٨) بەڵگەنامەمان کۆکردوونەتەوە. بێگومان ڕەنگە هێشتا زۆر بەڵگەنامەی دیکە هەبن کە بەر دەست من نەکەوتبن، بەڵام بە هەموو شێوەیەك ئێمە لامان وابوو جارێ ئەوەندەی بەردەستخراون و دۆزراونەتەوە با بڵاوبکەینەوە، خۆ دواتر ئەگەر خوا کردی و سەدان و هەزار بەڵگەنامەی دیکە مابوون ئەوا زۆر چاکتر و دیمانەیان بە خێر و لە چاپەکانی داهاتوو هەمووی بەسەریەکەوە بڵاودەکەینەوە.**

**لە ڕووی چۆنیەتی وەرگێرانەوە، دەبێ بگوترێ من لە وەرگێرانی ئەم بەڵگەنامانەدا تا ئەوەندە بۆم کرابێ هەوڵمداوە یەکەم جار ناوەرۆك و مەبەستی بەڵگەنامەکان بپارێزم و هێندە بەتەك دارشتنەوەی زمانەوانییەوە نەبووم. ئامانجێك کە من لەم وەرگێرانەدا لەبەرچاوم گرتبوو زێتر پاراستنی ڕۆحی بەڵگەنامەکان بوو بە جۆرێك نەکەومە داوی ئەوەی شتێك بە کوردی دابرێژمەوە کە خاوەنەکەی مەبەستی نەبووە وا بڵێ، بۆیە ئەگەر لە برێك جێگەدا کوردیی بەڵگەنامەکان ووشك و ڕەق بن، ئەوا تەنها بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم نوختە خاڵە دەگەرێتەوە.**

**خاڵێکی دیکە کە حەزدەکەم سرنجی خوێندەوارانی بۆ ڕابکێشم ئەوەیە ، لای من زمان ئۆرگانێکی زیندووە و ناکرێ ڕێگەی نەدەین گەشە نەکات و ووشە و ڤۆکابیۆلێری نوێ بە خۆوە نەگرێ، بەم پێیە ئێمە لامان وایە نابێ لە ووشە وەرگرتن و ووشە خواستن بترسین. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لەم وەرگێرانەدا کۆمەلێك ووشەی بێگانەمان بەکارهێناوە وەك سێنترالیزەکردن، کۆمینیکاسیۆن، دیپارتومان، سێرڤیسی سیاسیی، کۆمیسێری سیڤیل، ئۆپێراسیۆن و هتد کە من پێم وایە بەکارهێنانی ئەم ووشانە دەرگا بە ڕووی دەوڵەمەندی زمانی کوردی**

دەکەنەوە و دەبن بە خزمەتکاری بێئەرکی زمانەکەمان و نابنە جێگەی مەترسی و خۆ ئەکەر زمانەکان لەو سنوورەی ئێستە تێیدایە دەوڵەمەندتر نەکەن ئەوا هیچ زیانێکیان نابێ.

ماوەتە سەر ئەوەی بڵێم ئەم بەرهەمە دەستپێکی پرۆژەیەکی گەورەیەی وەرگێرانی بەڵگەنامە فرەنسییەکانە لە بارەی کوردەوە[٢] کە ماوەی پێنج ساڵ زیاترە کاری لەسەردەکەین، بەو هیوایەی ڕۆژێك ئەوهێندە دەرفەتمان ببێ ئەم پرۆژە گەورەیە تەواو بکەین.

دواجار حەزدەکەم ئەوە بلێم کە وەرگێرانی ئەم بەرگی یەکەمە بە پلەی یەکەم بە هاندان و دنەدانی برای خۆشەویستم کاکە سدیقساڵح بووە کە ڕەنگە ئەگەر ئەو هاندانە نەبوایە جاریٚ وازوو نۆرەی ئەم وەرگێرانە نەهاتبووایە. هاندان و پشتگیری برای خۆشەویستم کاکە سدیق هەربەندە نەوەستا بەڵکو هەر خۆیشی بەرپرسیارێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرگەی لە ئەستۆ گرتووە، بۆیە ئێستە کە ئەم بەرگی یەکەمە بڵاودەبێتەوە بە پلەی یەکەم بۆ ئەو هاندان و پشتگیرییە گەرمەی ئەو دەگەڕێتەوە کە لە دڵەوە سوپاسی دەکەم و بە هیوام خوا لە نموونەیان زۆربکات. هەر لەم دەرفەتەدا حەزدەکەم سوپاسی زۆری هاوسەری خۆشەویستم فاتیمە ئەحمەد موراد بکەم کە ئەزیەتی کێشا دەقە فرەنسی و کوردیەکەی بەیەکەوە بەراورد کردن و لە ڕاستکردنەوەی برێك هەڵەدا دەستگیرۆیی کردم. ئەگەر ئەم بەرهەمە خزمەتێك بە ڕوونکردنەوەی حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی مێژووی کورد بکات ئەوا گەلێك دڵشاد دەبم.

نەجاتی عەبدوللا

پاریس، ٦-٤-٢٠٠٤

---

[٢] ئەم بەرهەمە دووەمین زنجیرەی ئەم کارەیە کە بە دەستمانەوەیە، کاری یەکەممان وەرگێرانی کۆمەلێك دەکۆمێنتی دەگمەنی فرەنسیی بوو لە بارەی شۆرشی شێخ عوبەیدوللای نەهری بە نێوی (شۆرشی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فرەنسییدا ١٨٧٩-١٨٨٢) کە ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەلمانیا لە لایەن پرۆژەی کوردۆلۆگی زانکۆی ئازاد لە بەرلین لە ژێر زنجیرە (٤٠) چاپ و بڵاوکرایەوە.

# بەشی یەکەم

# بەڵگەنامەکە

**بەڵگەنامەی ژمارە• : ١**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا ٢ ی ئاداری ١٩١٩ کاتژمێر ٩ و ٥٠ دەقیقە.***

***( ٤ ی مانگ لە کاتژمێر١٢ و ٣٥ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ١١٨.***

ئیسماعیل بەگی شێخی ئێزدییەکان دواجار گەیشتە بەغدا. ئەم شێخە بەر لە دەستبەسەرداگرتنی موسڵ، توانیبووی متمانەی مولازم لیچمان[٣] Leachman بۆ خۆی بباتەوە: شێخ ئیسماعیل باوەڕی بە لیچمان هێنابوو کە ئەو تاقە کەسێکە کەوا بتوانێ سەرکردایەتی هۆزەکەی بکات و ئەمیش سەرکردایەتی ناوچەی سنجاری سەر بە مووسلی پێبەخشیووە. لیچمان دوای ئەوەی هەست بە هەڵەکەی خۆی دەکات بە تایبەت لە نەزەری ئایینییەوە، کە ئێزدییەکان سەرۆکی ڕێزلێگیراویان هەیە وەکوو پاتریارش کە سەعیدی[٤] برازای هەقی ئیسماعیلە کە تا ئەو دەم تەنها سەرکردایەتی خەڵکە دەشتنشینەکانی کردووە، لە ئەنجامدا

---

• هەموو ئەم ژمارانەی ئێرە کە دەکەونە سەرووی بەڵگەنامەکانەوە لە دانانی ئێمەن و هیچ پێوەندییەکیان بە بەڵگەنامە ئۆرگینالەکانەوە نییە، وەرگێڕ.

[٣] کۆلۆنێل لیچمان لە ٨-١١-١٩١٨ ئیدارەی موسلی بەدەستەوە گرت ( کە پارێزگایەکانی هەولێر، دهۆك و موسلی دەگرتەوە). سەردانی تەلەعفەر، شەنگال، زاخۆ، ئامێدی، دهۆك ، بیرە کبرا و ئاکرێ ی کرد و لە بریتی فەرمانکارە تورکەکان حاکمانی سیاسی لێوە دامەزراندن، بگەڕێوە: د. عزیز الحاج، القضیة الکردیة فی العشرینات، الموسسة العربیـــة للدراسات و النشر، بیروت، ١٩٨٥، ص: ٩٣.

[٤] سەعید بەگ کوری عەلی بەگی کوری حوسێن بەگی گەورەی کوری حەسەن بەگە. ساڵی ١٩٢١ لە دایکبووە، ساڵی ١٩١٣ باوکی دەکوژرێ و میان خاتوونی دایکی کاروبارەکان بەڕێوە دەبات، ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠ لە گەڵ ئامۆزاکەی ئیسماعیل لە کێشەدابون بەڵام دواتر ئاشتبونەوە، ساڵی ١٩٤٢ کۆچی دوایی کردووە، بنۆرە: میر بصري، اعلام الکرد، منشورات ڕیاض الریس للکتب و النشر، لندن، ١٩٩١، لا: ٢٣٦، وەرگێڕ.

**سەرکردایەتی تەواوەتی لە جیاتی ئیسماعیل بە سەعید بەخشرا و ئیسماعیل لە ویلایەتی مووسل دوورخرایەوە، ئێستە لێرە لە ژێر ئیقامەی زۆرەکی** résidence forcé **دایە.**

**ئینگلیزەکان بە نیازچاکی ئێزدییەکان سەرسامبوون، داوایان لێکردوون عەریزەیەك مۆربکەن پرۆتێکتۆرای خۆیان دیاری بکەن، لیچمان پێیگووتوون لە نێوان حکومەتی ئیسلامی و حکومەتی بریتانیدا سەرپشکن، بێگومان ئەوان کە موسلمان نین، ئاسایيە ئەمەی دوایی هەڵبژێرن.**

**شارل رۆ**
*Charles Roux*
***کونسلی فرەنسی***

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٥ ی ئاداری ١٩١٩ کاتژمێر ٧ و ١٥ دەقیقە.***

***( ٢٦ ی مانگ کاتژمێر ١٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ١٧٦.***

**شێخ عەبدولقادر، کۆنە پەرلەمانتاری کورد کە لەوانەیە ئێستەکە لە کۆنستانتینۆپل بێت، وا دیارە خاوەنی نفوزێکی زۆر و مامەمەڵەیەکی چاکە و هاوسۆزی لە گەڵ مەسیحیەکاندا هەیە. ئاغا پەترۆس[5] داوای لێکردم ئەمە بخەمە بەر دیدی بەرێزتان و هەروا بۆبەردەم کۆمیسێریای بەرزمان لە رۆژهەڵات.**

---

[5] **ئاغا پەترۆس باز، دوای کوشتنی مار شەمعوون لە ناو گێژەنی ململانێ ی سەرکردایەتی سیاسی لە ناو ئاسووریەکاندا وەدیارکەوت. ئاغا پەترۆس پیاوێکی هەڵەشە، سەرەرۆ، جەسوور، شەرانی و فێلبازبوو.، ئەم پیاوە سونگەی زۆر شەری خوێناوی نێوان کورد و ئاسووریەکان بووە**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا،٣١ ی ئاداری ١٩١٩ لە ١ و ٢٠ دەقیقە.***

***( ٢ ی نیسان لە کاتژمێر١٣ و ٣٠ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٠٠ .***

***بۆ بەدوا داچوونی تێلیگرامی ژمارە ( ١٧٨ ) م.***

***ئەمەیان دەکۆمێنتێکی نویێ ی نهێنیە کە باسی داخوازییە نەتەوەییەکانی کوردێک دەکات لە بەغدا کە بەرژەوەندی و سیاسەتی کاردارە ئینگلیزەکان ئاماژەیان بۆکردووە. دەکۆمێتنەکە هی مانگی دیسامبەرە و بەمشێوەی خوارەوە نووسراوە:***

***" حەمدی بەگ[٦] ئارەزوو دەکات کۆنفیدراسیۆنێکی کوردی[٧]*** *confédération kurde* ***لە ژێر چاوەدێری بریتانیا دروستببێ کە بەشەکانی کفری - خانەقی تا وان -***

---

و لە ڕێگەی هاوهەستی ئایینییەوە خۆی لە ئینگلیز نزیککردەوە و ئینگلیزیش بۆ ئارمانجەکانی خۆیان خستبوویانە گەر و بە خەیاڵی نیشتمانێکی نەتەوەیی ئاسووری وەکوو دەسکەڵا بەکاریان هێنا. بگەڕێوە بۆ: عبدالمجید حسیب القیسی، الاثوریون، منشورات مرکز الموسوعات العالمیە- لندن، ١٩٩٩، ص: ١٩-٢٢.

[٦] حەمدی بەگی بابان ( ١٨٧٠- ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠)، کوری موحەمەد پاشای خدێوی کوری سلێمان پاشای کوری ئاورەحمان پاشایە. حەمدی بەگ خویندنی لە ئەستەموڵ لە کولیەی مەلەکی شاهانە تەواو کردبوو و زمانەکانی تورکی، ئینگلیزی و فرەنسەوی دەزانی بەڵام بەداخەوە نەیدەزانی بە شێوەیەکی تەواو بە کوردی قسەبکات، چونکو لە کوردستان گەورە

نەبووبوو. لە دەورانی سولتان عەبدولحەمید یەکێك لە داخوازیکارەکانی ئازادی بوو و لەم پێناوەدا تووشی زیندان بووە و ساڵی ١٩٠٨ ئازاد بووە.

دوای تێکچوونی پێوەندی نێوان ئینگلیزو شێخ مەحموود ١٩١٩ ئینگلیز لە بیری ئەوەدابوون دەورێك بە حەمدی بەگ بدەن بەو پێیەی لە بنەماڵەی ناوداری بابانەکانە ، شوێنی شێخ مەحموودی پێپربکەنەوە، نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٩، گەشتێکی کوردستانی کرد و سەری سلێمانی، پشدەر، ڕانیە، هەڵەبجە و پێنجوینی دا و دواتر گەرایەوە بەغدا و تێگەیشت خواستی ئەم و ئینگلیز زۆر لێکدوورن، گەرایەوە بەغدا و گۆشەگیری لە ژیانی سیاسی ڕاگەیاند و دواتر ساڵی ١٩٢٦ پەریوەی لەندەن بوو و لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی زۆری تاڵاوی ژیان چێشت و دواجار هەر لە ئاوارەییدا کۆچی دویی کرد، بۆ باسێك بە داوێنتر بگەرێوە بۆ: جمال بابان، بابان في التاريخ و مشاهير البابانيين، بغداد ، ١٩٩٣، ص: ١٥٣-١٥٦.، مير بصري، اعلام الكرد، منشورات ڕياض الريس للكتب و النشر، لندن، ١٩٩١، لا: ١٥٩-١٦١، وەرگێر.

[٧] مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی هیچ کاتێك مێژوویێکی سەرتاسەری نەبووە و هیچ کاتێکیش قۆناغەکان و ئارمانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە تەواوکەری قۆناغەکانی پێش خۆیان نەبوون. بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی کوردایەتی زۆر دیاردەی پارادۆکسال و ناکۆکی بەرهەمهێناوە کە جێگەی تێرامان و خوێندنەوەیەکی هێمنانەیە. تێرامانێك بە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم بزووتنەوەیە هەر لە دەورانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهریەوە ١٨٨٠ تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیش تەنها بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕزگاری کوردستان تێکۆشاوە و هەر لە ژێر ئەم دروشمەشدا خەباتی کردووە. کەچی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەولاوە تا ڕۆژی ئەمرۆشی لە گەڵدابێ بزووتنەوەی کوردایەتی بزووتنەوەیەکی پارچەپارچە و ناوچەیی بووە و هەمیشە پاشکۆی ئەو دەوڵەتانە بووە کە کوردی تێدا ژیاوە، بەمجۆرە بازدانێك لە بیری کوردستانیبوونەوە بۆ بیری ژەنگگرتووی هەرێمچێتیانە زۆر بە زەقی بە سەر مێژووی ئەم پەنجا ساڵەی کوردایەتییەوە دیارە کە دواینجاریان لە گەڵ دروشمی "ئۆتۆنۆمی" و "خودموختاری" ی نەگریس گەیشتە چڵەپۆپەی هەرەسهێنان و زەلیل بوون.

مێژووی ئەم پەنجا ساڵەی کوردایەتی نەوەیەکی سیاسی گۆشکردووی بە بیری دوور لە کوردستانیبوون و بروا بە خۆ نەبوو و لەرزۆك دروستکرد بە جۆرێك کە نەتوانن هیچ کاتێك سوود لە دەرفەتە مێژووییەکان وەربگرن، نەوەیەکی گەورە بوو لە ناو جەنگێکی دەروونی پەنجا ساڵە کە دوژمنانمان بە چەپ و ڕاست لە گەڵیان کردووین. مرۆ ئێستە کە ئەم بەڵگەنامانە دەخوێنێتەوە چەند پرسیاری زۆری لە لا دروستدەبێ، چۆن ساڵی ١٩١٩ واتە ٨٥ ساڵ بەر لە ئێستە کورد هەر لە وەزعێکی بێبەراورد نالەبار و خراپتر لە ئێستە لە هەموو ڕوویێکەوە، داوای کۆنفیدراسیۆنێکی کوردی *confédération kurde* کردووە کە پێنج جار فراوانتر بووە لەو "

*بتلیس، دیاربەکر – ئەدەنە بگرێتەوە. هەروا بەلای کەمیەوە دوو هەرێمی دیکەش لە باکووری ڕۆژئاواوە بگرێتەوە بەڵام لەمبارەیەوە زانیاریەکان کەمن.*

*حەمدی بەگ بە تەواوی ئایدیای دەوڵەتێکی ئەرمەنی سەربەخۆ ڕەتدەکاتەوە، کە لەمبارەیەوە بێگومان ئەو هەقیەتی، چونکە ئەرمەنەکان لە ٢٥% ی دانیشتوان زێتر پێکناهێنن.*

*حەمدی بەگ ئەوەشی گووتووە کە هیچ پشێوییەك لە نێوان کوردەکان و مەسیحیەکاندا ناشێ ڕووبدات، لەوەشدا بێگومان ڕاستدەکات چونکە خوشکی مارشەمعوونیش هەر هەمان بیرو ڕای هەیە.*

*(درێژەی هەیە).*

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

---

**فیدرالیەی" ئەمرۆ کورد خەونی پێوەدەبینێ، مرۆ دەپرسێ داخۆ ئەمە هەڵەی مێژووە کە بزووتنەوەی کوردایەتی بەو هەموو مێژووە دوورودرێژەی خۆیەوە، فیدرالی کردۆتە "نووشتە" و پێی وایە شتێکی زۆری داواکردووە. ئێستە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەڵگەنامانە هەق نییە ئیدی پەرلەمانی کوردستان شانازی بەوە بکات کە " پەرجوو" ی بۆمان داهێناوە بەوەی دروشمی "فیدرالی" بۆمان بەرزکردۆتەوە. گەلۆ دەبێ چ جیاوازییەکی گەورە و پێکنەچوو لە نێوان ئەو کۆنفیدراسیۆنە هەبێ کە بزووتنەوەی کورد ساڵی ١٩١٩ داوای کردووە لە گەڵ ئەم فیدرالیەی کە هەشتا ساڵ دواتر پەرلەمانی کوردستان داوای دەکات. من دەپرسم داخۆ تۆ بڵێی بزووتنەوەی کوردایەتی درێژەدەری یەك ئامانجی بەردەوام بێ ؟ ئەگەر وایە بۆچی بزووتنەوەی کوردایەتی هەرچەندە تەمەنی درێژتربێت، هێندەی تر لە کوردستانیبوون بە دووردەکەوێتەوە، نازانم ئەمە پارادۆکسە یا گرێی مێژووە؟**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا: ٣١ ی ئاداری ١٩١٩ لە ١٥ و ٢٥ دەقیقە.***

***(١ ی نیسان لە کاتژمێر ٢٠ و ٣٠ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٠١.***

درێژەی ژمارەی پێشوو.

حەمدی بەگ ئیدێ ی idée ( بیرۆکەی) هەموو چاوەدێرییەکی فرەنسیی بۆ سەر کورستان ڕەتدەکاتەوە، بەو پێیەی کەوا فرەنسییەکان ڕێز لە ترادسیۆنی ناوەخۆیی ناگرن بە جۆرێك کە بنەماڵە کۆنە حوکمرانەکان کەمدەکەنەوە تا نابوودیان بکەن و پەسنییەکی ناشەرعی بە مەسیحیەکان دەدەن، حەمدی بەگ دەڵێ بەرێوەبەرایەتییەکانیان ( واتە بەرێوەبەرایەتی فرەنسییەکان) لە جەزایر و مەدەقەسکەر Madagascar زەنگێکە بۆ موسلمانەکان و چاك لای موسلمانەکان شورەتی ناسراوە.

حەمدی بەگ ئەم بەگزادەیەی بەغدایە کە لە ناو نامە تێلێگرامەکانمدا ئیشارەی پێکراوە و دواجاریش لە تێلیگرامی ژمارە ١٤ ی ڕۆژی ٨ ژانڤیەمدا.

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

کونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٥**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٤ی نیسانی ١٩١٩ لە ١٣ و ٢٠ دەقیقە.***

***( ٥ ی نیسان لە کاتژمێر١٠ و ٥٠ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢١١ .***

**ئاغا پەترۆس لە ٢ ی ئەم مانگە نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەرانی ئینگلیز لە بەغدا نووسیووە و بە نهێنی ئەم زانیاریانەی خوارەوەی پێراگەیاندم کە لە کوردستانەوە بە دەستی گەیشتوون:**

**" تورکەکان کۆمیتەیەکیان ( دروستکردووە) کە ئەندامەکانی لە کوردستانەوە هاتوون بۆ پرۆپاگەندەکردن بۆ بەرژەوەندی تورکەکان. هەروەها کوردەکان، کۆمیتەیەکی نەتەوایەتیان دروستکردووە کە سەرۆکەکەیان شێخ عەبدولقادری نەهری یە کە ئێستەکە لە کۆنستانتینۆپلە. ئەندامەکانی ئەم کۆمیتەیە مانگانەیەکی ٥ لیرەی تورکی و سەرووتر وەردەگرن.**

**" شێخی کوردەکانی سلێمانی دوو نومایندەی[٨] بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی[٩]** conférence de la paix **هەناردووە لە گەڵ مەزبەتەیەك کە لە لایەن کوردەکانی ئەم ولاتەوە مۆرکراوە، وێرای ئەوەی کە ئەم داوایە لە ڕوکەشدا پێشنیاریەکانی بە قازانجی حکومەتی بریتانیە بەڵام ئامانجی ڕاستەقینە بە زار لە لایەن**

---

[٨] ئەم دوو نوێنەرەی شێخ بریتیبوون لە سەید ئەحمەدی بەرزەنجە و ڕەشید زەکی کابان کە لە ڕێگەی دەسەڵاتکارانی بریتانییەوە گەیشتنە حەلەب، بەڵام لەوێ فرەنسییەکان مەزبەتەکەیان لێدەسەنێن و پاشەو پاش دەیانگێرنەوە بۆ کوردستان و ڕێگە نادەن بەشداری لە کۆنفرەنسی ئاشتیدا بکەن، بنۆرە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٦٨، لا ٢٢.

[٩] کۆنفرەنسی ئاشتی لە ڕۆژی ٣٠ ژانڤیەی ١٩١٩ لە پاریس بەڕێوەچوو، لیۆد ژۆرژ Lloyd George کۆنفرەنسەکەی بەڕێوەدەبرد، لە دانیشتنی پاشنیوەرۆ لیۆرد ژۆرژ لە بیری چوو بو کوردستان بخاتە ناو لیستی ئەو ولاتانەی کە دەبوو لە ئیمپراتۆریای عوسمانی جیاببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروستبکەن، بەمشێوەیە دواجار کوردستان خرایە دەنگدان و بریار درا کوردستانیش بخرێتە ڕیزی ئەو دەوڵەتانەی کە دەبێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ببێ، بگەرێوە بۆ: Stéphane Yerasmos. Les kurdes et le partage du Moyen-Orient، ١٩١٨–١٩٢٦. In Elizabeth Picard ( sous la dir. de)، La question kurde، Ed. Complexe، ١٩٩١، pp. ٢٤–٢٥.

**نوماینـدەی تـایین[10] پێـشکەشدەکرێ و تـەواو لـە گـەڵ نـاوەرۆکی مەزبەتەکـە mazbata جیاواز دەبێت.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٤ ی نیسان ١٩١٩ لە ١٦ و ٢٥ دەقیقە.***

***( ٦ ی نیسان لە کاتژمێر ٨ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢١٢ .***

**درێژەی تێلگرامی پێشوو.**

**" سـەرۆکی کوردەکـانی بـاکووری ڕۆژئـاوا سمکـۆ، هـەموو هەوڵـەکانی خـۆی خستۆتە گەڕ بۆ برەوپێدانی پرسی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی کورد. سمکۆ پێشنیاری بە دکتۆر پاکارد Packard ی مسیۆنێری ئامریکایی لە ورمـێ کردووە کە ئامادەیە خۆی بخاتە ژێر چەتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.**

**"سەید تەهای نەهری ئێستە لە گەڵ سمکۆ لە ورمێ یە، هاورێ لە گەڵ شێخی سلێمانی پێوەندی دەگرێ بەو هیوایەی هەوڵبدەن یەکیەتیەکی نێو دەوڵەتی بۆ کوردەکان بچەسپێنن.**

**ئاغا پەترۆس ئەم زانیاریانە زێدە دەکات:**

**کوردەکان بە دزییەوە بە قازانجی تورکەکان کاردەکەن، بە بڕوای من کـارێکی هۆشیارانە نییە لە کوردستاندا پێشوازی لە هـەموو ئـەو ئەفسەرە کوردانە بکرێ کە لە سوپای تورکدا خزمەتیانکردووە. کورد و عەرەب بەوەی هاوئاییننن دەبی**

---

[10] **هیچ بە دوور نازانرێ هۆی ڕێگەنەدانی وەفدی کوردی بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی لە سۆنگەی ئەم زماندان و شۆفارییەی ئاغا پەترۆسەوە بێ.**

له گەڵ ئەفسەرە عەرەبەکان وەدووربخرێنەوە و پێوەندیگرتنەکان بۆ ماوەی یەك یا دوو مانگ بوەستێنرێن. من پێشنیاری ئەوە بۆ حکومەتی بریتانی دەکەم لە ناو کورد و عەرەب و تورکەکان پیاوی جێگەی باوەڕی خۆی هەبێ تا چاوەدێری ئەو بزووتنەوەیە بکات کە لەناو وولاتدا خەریکە پەرەدەستێنێ.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٧**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٩ ی نیسانی ١٩١٩ لە ١٩ و ١٥ دەقیقە.***

***( ١١ ی نیسان لە کاتژمێرا گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٢٧.***

دەگەڕیمەوە بۆ سەر تێلێگرامی ژمارە (٢١٢)م.

سەرهەنگ Sciard ئەم بەیانییە لە سەرکردایەتی گشتییەوە ئەم زانیاریانەی وەرگرتووە کە بە شێوەیەکی نهێنی بە منی گووتووە.

ئەمرۆژانە جولانەوەیەکی زۆر زیندوو بۆ سەربەخۆیی لە ناوچەی کوردستان لە نێوان مووسل و واندا هەیە. دەسەڵاتکارە بریتانیەکان دەڵێن ئەم جولانەوەیە پێش بلاوبوونەوەی لە کۆنستانتینۆپلەوە لە لایەن (عەلی ئیحسان)[١١] ەوە دنە

---

[١١] ژەنەرال عەلی ئیحسان پاشا، سەرۆکی سوپای شەشەمی عوسمانی و وەکیلی پێشووی والی موسل بوو. سەرچاوە بریتانییەکان باسی ئەوە دەکەن کە بە ڕاستی ناوبراو سەرۆکایەتی ئەو ڕێکخستنە کوردییە دەکات کە لە باکووری ئەو ناوچانەی بریتانییەکان دەستیان بەسەرداگرتووە سەریهەڵداوە.

ئامانجی عەلی ئیحسان پاشا لە کۆمەگی لە گەڵ کوردەکان و دنەدانیان ئەوە بووە هاوپەیمانەکان تەنگەتاو بکەن بە تایبەت بریتانییەکان. ئەم کۆمەگیە لە گەڵ دەستپێکی ساڵی ١٩١٩ بەرەو دوا

دراوە، دەشێ ئەوەی لە کوردەکان گەیاندبێ کە ئەگەر زلهێزە ئاوروپییەکان دەسەڵات بە سەر وولاتدا بگرن ئەوا تۆڵە لەو خێڵانە دەکەنەوە کە دەستیان لە ڕەشەکوژی مەسیحیەکاندا هەبووە.

**گوێ بیستی ئەوە بووین کەوا ڕەشەکوژیەکی مەسیحییەکان لە ناوچەی گۆیا-یالیا لە ٦٠ کیلۆمەتری باکوور- ڕۆژهەڵاتی زاخۆوە قەوماوە، ئەفسەری سیاسیی ئینگلیزی[١٢] ئەم ناوچەیە ویستوویە سەری ناوچەکە بدات لە ڕێگەدا لە ڕەوشێکدا کە تا ئێستە ڕوون نییە دەکوژرێ.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

---

لە گەڵ دەنگوباسی ئەوەی کەوا ئەندامەکانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە خارپووت کوردەکانی ئەوێ ووریادەکەنەوە و دنەیان دەدەن داوای سەربەخۆیی بکەن لە کۆنفرەنسی ئاشتی. هەر بۆ هەمان نیاز ئەم ژەنەراڵە کەوتبووە پێکدادانی هۆزە کوردیەکان و سەرۆکهۆزە کوردەکانی بە چەك و پارە دنەدەدا. عەلی ئیحسان نیشتمانپەروەرێکی تورك و سەربازێکی زیرەك و فرەفێڵ بوو. گەرچی لە ڕووکەشدا بەراستی بۆ بەرژەوەندی کوردستانێکی سەربەخۆ کاری دەکرد، بەڵام ڕاستیەکەی تەنها بۆ تەنگەتاوکردنی هاوپەیمانەکان بوو و بەس، بنۆرە: جرجیس فتح الله، یقضة الکرد: تاریخ سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥، منشورات دار ئاراس، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٢، ص: ١٥٩-١٦٣.

[١٢] گۆیان هۆزێکی کورد بوون لە زاخۆ. ئەم هۆزە زۆر زاڵ بوون بەسەر ئەو مەسیحیانەی لە ناویاندا دەژیان و هەر وەکوو کۆیلە دەیاکرین و دەیانفرۆشتن. کاپیتان بعسنی ئەفسەری سیاسیی زاخۆ بە دەسیسەی قەشەکانی ئەم ناوە ویستوویە ناکۆکی بخاتە ناو سەرۆکهۆزەکان و مەسیحیەکان لە ژێر قەڵەمڕۆی ئەوان بهێنێتە دەرەوە، لە تۆڵەی ئەمەدا ڕۆژی ٤ ی نیسانی ١٩١٩ لە نزیك دێی (بیجۆ) کە لە (بللو) دەچوو بۆ ( مەرگە) تووشی بوون و کوشتیان، بگەڕێوە بۆ: ڕەفیق حلمی، یادداشت، کوردستانی عراق و شۆرشەکانی شێخ مەحموود، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٨،لا: ١١٤

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٨**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا،١٢ ی نیسانی ١٩١٩ لە ١ و ١٥ دەقیقە.***

***( ١٣ ی نیسان لە کاتژمێر ٢٠ و ٣٥ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٣٠.***

( زۆر نهێنی).

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٢٢٧.**

**لە دوای کوشتنی ئەفسەرێکی سیاسیی لە زاخۆ، کۆلۆنێل لیچمان** Leachman **سووربووە لە سەر ئەوەی دەبێ بە پەلە پەرچەکردارێك بدرێتەوە و داوای کردووە دوو هەنگاو هەڵبنرێ:**

**١– جەزیرەی ئیبن عومەر بە مەفرەزەییێك بپچرێندرێ.**

**٢– لە ڕێگەی هۆزە کوردیەکانی دیکەوە کە پێوەندی چاکیان لەگەڵ ئینگلیزەکان هەیە پەلاماری کوردەکانی گۆیان بدرێ.**

**ئەوەی تایبەتە بە هەنگاوهەڵگرتنەکانی یەکەم، بیرۆی سەرکردایەتی گشتی لە بەغدا ئەوەی ڕەتکردەوە بەو پێیەی هێشتا چاوەروانی پێوەندیگرتنە، بەڵام ئەوەی پێشنیارکرد ( ووشەیەکی نەناسراو ) کەوا هێزی میسر ئۆپیراسیۆنەکە رابپەرێنێ. ئەمیشیان وەڵامی دایەوە کەوا بەو پێ یەی مەوجودە فیعلیەکانی کەمن ناتوانێ لە هێڵی داگیرکردنەکەی خۆیەوە تێپەرببێ کە بە ئورفەدا تێپەر دەبێ و بە خاڵێکدا کە ١١٢ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتیی عەرەب –پیونار** Arab-punar **لە سەر هێڵی ئاسنینە ڕێی نەسیبین تێپەردەبێ.**

**ئەوەش تایبەتە بە پێشنیاری دووەم، بیرۆی سەرکردایەتی گشتی هەموو پرۆژەییێکی ئۆپیراسیۆنی سەربازی ڕەتکردۆتەوە هەتا ئەوش کە بە هۆی هۆزە کوردەکانی ئەو دیوو سنووری ناوچەکانی ئاگر بەسیشەوە** frontière d'Armistice **جێبەجێبکرێ، لە ترسی ئەوەی نەوەکا هەموو ناوچەکە پشێوی تێبکەوێ. هەڵبەت لە سەر سووربوونی کۆمیسێری سیڤیل تەنها یەك بۆمباباران**

**بە فرۆکە کرایە سەر ئاواییە کوردییەکانی گۆیان کە لە هەمووان زیاتر شەریکەبەش بوون لە کوشتنی ئەفسەری ئینگلیزی (کاپیتان Poarsen).**
**(درێژەی هەیە).**

**شارل رۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ۹**
***وەزارەتی کاروباری هەندەران***
***شیفرە خوێندنەوە***
***بەغدا، ١٢ ی نیسانی ١٩١٩ لە ١٨ و ٥٠ دەقیقە.***
***( ١٤ ی نیسان لە ؟ گەیشتووە)***
***ژمارە ٢٣١ .***
**( نهێنی و شاراوە).**
**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

**لە ڕاپۆرتێکی هاتوو لە مووسلەوە بە مێژووی ١٨ ی ئادار دا هاتووە کەوا لە کۆتایی مانگی ژانڤیەوە نامەیەك لە کۆنستانتینۆپلەوە لە لایەن ئەنساری زادە شێخ موحەمەدی عەلی[١٣]، شێخ عەبدولقادر (ووشەیەکی نەناسراو ) ی نەهری و ئەمین بەدرخان گەیشتۆتە ماردین کە ئەوە ڕادەگەیەنن لە پایتەختی تورکیاوە کۆمیتەیەکی کوردیان دروستکردووە کە کۆنە والی موسل[١٤] یش لە ناو ئەو**

---

[١٣] شێخ موحەمەد عەلی ئەنساری، ئەندامی کۆمیتەی کوردی ماردین و خاوەنی نفوزێکی زۆر و زەوەندەی خێڵەکی و ئایینی بووە، بنۆرە: د.ولید حمدي، الكرد و كردستان في الوثـائق البريطانيـة، لندن، ١٩٩٢ ص:٤٤١

[١٤] مەبەست لەمە سلێمان نەزیف بەگە ( ١٨٦٨– کانوونی دووەمی ١٩٢٧)، شاعیر و نووسەری بەرەچەڵەك کورد و لە دایکەوە ئێزدی. والی بەسرە ١٩٠٩، والی موسل ١٩١٣ و دواجار والی بەغدا ١٩١٥. دوای تێکشکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی سلێمان نەزیف بەگ یەکێك لەو کەسانە

**کۆمیتەیـە دایـە کـە داوا دەکـات بـەگزادە کوردەکـانی ناوچـەکە پرۆپاگەندەیـەکی چڕوپڕ بکەن بۆ دامەزراندنی ( ووشەی نهێنی ) سەربەخۆی کوردی.**

**کۆمەڵێك کۆبوونەوە کراون. میللی زادە موستەفا بەگ** Millizadeh Mustapha Bey، **حاجی فارای** Hadj Fari **و موحەمەد عەلی لە بنەماڵەی حاجی کورمە** Hadj Kurme **ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئەوان لـە گـەڵ داگیرکردنـی بریتـانی یـا فرەنسی دان، لـە کاتێکـدا شـێخێك بـە نـاوی موحەمـەد عـەلی لـە بەرژەوەنـدی کوردەکانـەوە قسەدەکات. بەشێکی (ووشـەیەکی نەناسـراو ) سـامی ( ووشـەی نهێنی ) بەشـی گـەورەی ڕەشـەکوژی مەسـیحیەکانی کـردووە داوای هەنگاوهـەڵگرتنی زۆر تونـد دەکات و بە تایبەت بۆ لێرزگاربوونیان بە یەکجارەکی تەواو لە گـەڵ مەسیحیەکان و هـەموو ڕەقیبـە جارسـەکانی ( ڕابـووردوو). کۆنفراسـەکە بـە هـیچ ئـەنجامێك نەگەیـشت. بەرەبـەری ۷ ی نیـسان دوو ئەفـسەری کـورد کـە خـەڵکی مـاردینن گەیـشتوونەتە کۆنـستانتینۆپل بـۆ ئـەوەی کوردەکـان ڕێکبخـەن دژ بـە هـەر داگیرکردنێکی چاوەڕێکراوی ئەوروپییەکان..........**

**(درێژەی هەیە).**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ١٠**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٣ نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر شەش.***

***( ١٤ ی نیسان لە کاتژمێر١٧ و ٤٥ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٣٢ .***

**(نهێنی)**

---

**بوو بانگی بۆ ئازادی کوردستان هەڵدا، بنۆرە: میر بصري، اعلام الکرد، منشورات ریاض الریس للکتب و النشر، لندن، ١٩٩١، ل: ٦٦-٦٩، وەرگێر.**

درێژەی ژمارەی پێشوو.

١٧ ی ئادار نامەیەکی عەبدال ئامان ئاغا Abdel Hman Agha، سەرۆکهۆزی کوردەکانی شیرناخ ( ٣٠ کیلۆمەتری باکوور – ڕۆژهەڵاتی جەزیرە) ئاراستەی شێخ سەید نووری بریفکانی نزیک دهۆك کراوە و لە ڕێگەی ئەمەی دوایشەوە دراوەتە دەست دەسەڵاتکارانی بریتانیەوە. لە هەمانکاتدا دوو نامەی دیکەش کە لە لایەن هۆزەکانی هەمەوەندی ناوچەی سلێمانیەوە بۆ ڕەشید بەگ، سەرۆکهۆزی بەرواری بالا ( باکووری ئامێدی) و، بۆ شێخی بارزان ( باکووری زێبار) و بۆ بەگزادەکانی سلێمانی ڕەوانەکراون.

بە کورتی ئەم نامانە دنەی بزووتنەوەیەکی بەرەنگاربوونەوە دەدەن دژ بە داگیرکردنی ئینگلیز و ( ئەوە ناشارنەوە کە فرمانیان لە کۆنستانتینۆپلەوە بۆ هاتووە. زانیاریەکانی ٢٥ ی ئادار کە لە لایەن کوردێکی دیاربەکرەوە دراوە ئەوە بەدەردەخات کە هەڵمەتەکە لە ڕووی داراییەوە لە میسرەوە لە لایەن سوورەیا بەگ[١٥] ناوێکەوە پشتیوانی لێکراوە، لە کاتێکدا کەوا لە کۆمینیکاسیۆنێکی[١٦] communication سەرۆکی ئەنتێلگێنسیا دا هاتووە کە ئەم شاریە ( مەبەست لە سوورەیا بەدرخانە) ڕۆژنامەیەکی عەرەبی[١٧] دەردەکات و هەمیشە سەر بە ئینگلیز

---

[١٥] سورەیا بەدرخان ( ١٨٣٨–١٩٣٨) کوری میر ئەمین عالی کوری گەورەی بەدرخانی میری بۆتانە. دیپلۆمی ئەندازیاری لە کۆلیژی کشتوکاڵی لە ئەستەموول تەواو دەکات و یەکێکە لە یەکەمین دەستەی پێشەنگی بیری کوردایەتی. چەندین جار لە دەورانی عوسمانیدا زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٢٧ پێوەندی بە خۆیبوون دەکات، ساڵی ١٩٣٠ حکومەتی مانداتێری فرەنسی ناچاری دەکات شام بە جێبهێڵێ و لەمەو بەدوا پەریوەی پاریس دەبێ تا دواجاریش هەر لە پاریس چاولێکدەنێ، بنۆرە، بازیل نیکیتین و کوردناسیی، بەرگی یەکەم، نەجاتی عەبدوڵلا لە فرەنسییەوە کردوویە بە کوردی (دەستنووس) .

[١٦] کۆمینیکاسیۆن: communication ( ابلاغ، مخابرة).

[١٧] دیارە دەبێ مەبەست لەم ڕۆژنامە عەرەبییە، دەورەی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان (١٩١٧–١٩١٨) بووبێت، کە بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی عوسمانی بڵاودەکرایەوە. دەنا نەزانراوە سورەیا ڕۆژنامەی بە عەرەبی دەرکردبێت.

بووه و ئەوەش زێده دەكات كه ئەگەر پشتگیریش له بزووتنەوەیەكی سەربەخۆ بكات ئەوا تەنها له ژێر چاوەدێری " زلهێزێكی منداتێرەوه " دەبێت.

( درێژەی هەیه).

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**كونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە :١١**

***وەزارەتی كاروباری هەندەران***

***شیفره خوێندنەوه***

***بەغدا، ١٣ ی نیسانی ١٩١٩ كاتژمێر ١٦ و ٢٥ دەقیقه.***

***( ١٥ ی مانگ كاتژمێر ١٤ و ٣٠ گەیشتووه).***

***ژماره ٢٣٥ .***

(نهێنی).

به تایبەت دەگەڕێمەوه سەر تێلێگرامی ژماره (١٧٤) م.

ئەمەیان ئەو تێلگرامەیه كه كۆمیسێری سیڤیل commissaire civil له بەغداوه ڕۆژی ١١ ی ئاداری ڕابووردوو بۆ سكرتێری دەوڵەت بۆ هیندوستانی ناردووه:

" وەڵامی تێلێگرامی ٢٤ ی ژانڤیەتان دەدەمەوه له بارەی ئاشوورستانەوه l'Assyrie. ئەمەی دادێ كورتكراوەییێكی ئەو داخوازیانەیه كه حەزدەكەن بیخەنه بەردەم كۆنفراسی ئاشتییەوه.

خاڵه یەكەمینه گرینگەكان:

١– جیاكردنەوەی ئاشكرایان له گەڵ ئەرمەنەكان.

٢ – جێنشینبوونیان له وەڵاتی خۆیاندا له ژێر چاوەدێری بریتانیەكاندا. وڵاتەكەیان كوردستانیش دەگرێتەوه تا كەوشەنەكانی: جەزیره، سیعرەت، باشقەڵا و هەموو هەرێمه فارسییەكانی نێوان گۆڵی ورمێ و سنووری توركیاش دەگرێتەوه.

**٣ – ناسینی پاتریارش مارشەمعوون لە لایەن حكومەتەوە وەكوو سەرۆكی نەتەوەیی.**

**<u>خواستە لاوەكییەكان:</u>**

**١ – ئازادكردنی ئەو دیلانەی لە لایەن كوردەكان لە توركیا و فارسەوە بەدیلگیراون.**

**٢ – گەراندنەوەی زەوی و زارەكانی كلێسە كە بەمزووانە لە لایەن كوردەكانەوە دەستیان بە سەردا گیراوە.**

**٣ – هێلكێشانی سنوورەكانی هۆزەكان و ئاواییەكان لە نێوان مەسیحیەكان و كوردەكان لە سەر بنەمای ئەو هێلە كۆنانەی لە لایەن ئەفسەرە بریتانییەكانەوە كێشراون.**

**٤ – سزادانی چەند سەرۆكێكی كورد كە دەستیان لە ئاشووبەكانی ئەم دواییەوە هەبووە بە تایبەت لە كوشتنی پاتریارشدا.**

**ئەگەر ئەم داوایانە جێبەجێكران، ئەوا دەخوازن بە ئاشتی لە ژێر چاوەدێری بریتانیادا لە گەڵ كوردەكانا بژین.**

**( درێژەی هەیە).**

**شارل رۆ**
*Charles Roux*
**كونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ١٢**

***وەزارەتی كاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٣ ی نیسانی ١٩١٩ كاتژمێر ١٨ و ٢٥ دەقیقە.***

***( ١٥ ی نیسان كاتژمێر ١٤ و ٢٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٣٦.***

**( <u>نهێنی</u>).**

**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

ئـەم ڕاگەیەنـدراوە لـە لەندەنـەوە دوای دەسیـسەکانی کـامپی بەعقووبـە نووسراوە، کە من کردوومە بە ڕاپۆرتێك بۆ دیپارتومـان département و بابەتێك کە ئەم دەکۆمێنتە نهێنیەی خوارەوە چیتر هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە.

٢١ ی فێڤرییـە لـە وەڵامـی نامەیـەك بـۆ کۆمیـسێری سـیڤیل، ژەنـەراڵی سەرکردایەتی کامپی ئاوارەکان لەمبارەیەوەی نووسیووە:

" مـن سـەردانی مـار شـەمعوون و کۆمیتەکـەیم کـرد بـۆ ئـەوەی تـا خواسـتەکانی نەتەوەی ئاسووری لە بارەی ڕەوشی دوارۆژیان دابرێژن بۆ ئەوەی بیخەنە بەردەم کۆنفرەنـسی ئاشـتی. بەیاننامەیـەکی دوورو درێـژی خواسـت و ئامانجـەکانیان دواجار دوێنێ لە ڕێگەی مار شەمعوونەوە خرایە بندەستم و لە گەڵ کاپیتـان ڕێد Reed بە ووردی تاوتوێمان کرد کەوا لەو دەکۆمێنتەی خوارەوە کورتم کردۆتـەوە کە بۆ بریارلەسـەردانی لـە لایـەن مارشـەمعوونەوە ئیمزاکـراوە. ناوەرۆکەکـەی بـە ووردی شـیکراوەتەوەو لـە لایـەن کاپیتـان Reed ەوە وەرگێـردراوەو بـە هـیچ شـێوەیەك شـیمانەی سەرچـیخ چـوونی پێوەنـابینرێ. دەکۆمێنتەکـە لـە لایـەن کاپیتـان Reed یـشەوە بـە شـایەدی مـن لـە قـەبووڵکردنی لـە لایـەن نەتـەوەی ئاسوورییەوە ئیمزاکراوە.

ئەمەیان دەکۆمێنتەکەیە.

" یەکەمیان- وەبندەستخستنی ئاسایشی دوا ڕۆژ لە ژێر حوکمی بریتـانی وەك نەتەوەیەکی تاقانە لە سەر زەوی نیشتمانەکەیان لە ناوچەی مووسـل، جەزیرە، باشـقەڵا و ورمـێ و ڕێگـەیان پێبـدرێ هێزێکـی سـەربازی گونجاویـان هـەبێ بـۆ پاراسـتنی ماڵـەکانیان دژ بـە پـەلامارە دەرەکیـەکان لـە لایـەن کوردەکـان، فـارس و تورکەکانەوە.

( درێژەی هەیە).

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
***کونسلی فرەنسی***

**بەڵگەنامەی ژمارە : ١٣**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٣ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٩ و ٤٠ دەقیقە.***

***( ١٥ ی نیسان کاتژمێر ١٥ و ٠٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٣٧.***

**( نهێنی).**

**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

**٢ – بە شێوەیەک کە ئاشوریەکان بە هیچ شێوەیێك نابێ لە گەڵ ئەرمەنییەکان تێکەڵ بکرێن و دەبێ وڵاتێکیان پێببەخشرێ [١٨] کە تەواو جیا بێ تا بتوانن سەربەخۆیی دوارۆژی خۆیان بپارێزن.**

**٣ – بە شێوەیەک کە حکومەتی فارس پەیمان بدات دەستبەسەرداگرتنی ئەو بەشەی ئاسووریەکان کە پێشتر ڕەعیەتگەلی فارس بوون بپارێزرێ. لەم سۆنگەیەوە داوا دەکرێ کونسلێکی بریتانی و ژاندرمەیەکی تایبەت لە لایەن ئەفسەرە بریتانیەکانەوە بمێنێتەوە.**

**٤ – بە شێوەیەک کە حکومەتی فارس بانگهێشت بکرێ تا ئازادی سەرجەم مەسیحیەکان کە لە کاتی ئێستەدا لە لایەن فارسەکان و کوردەکان لە هەرێمەکانی فارسەوە بەدیلگیراون بپارێزرێ.**

---

[١٨] **لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دوای ئەوەی بریتانیا پرسی کوردی گرتە ئەستۆی خۆی، لە بەرامبەر ئەوەدا فرەنسا کەوتە بیری ئەوەی پرسی ئاسووریەکان بگرێتە خۆی و بە دەست لە پشتدانی فرەنسا وەفدی ئاسووری–کلدانییەکان بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی کەوتبووە دوای داخوازی خەیاڵی و داوای وڵاتێکیان دەکرد کە بەشی زۆری کوردستانی ئێمەی بەخۆیەوە گرتبوو، لەوانە هەرێمەکانی: ویلایەتی موسل بەسەر یەکەوە، ویلایەتی دیاربەکر، حەلەب، ئورفە، سیرت، هەککاری، ورمێ و سەلماس. بەمشێوەیە نەخشەی ئیمپراتۆریایەکیان کێشابوو کە نە سەری دیار بوو نە بن، بۆ باسێکی بە داوێنتر بگەرێوە بۆ:** La question Assyro-Chaldéenn: étude et notes، Paris، Imprimerie Henry Maillet، ١٩٢١، pp.٢١–٢٤.

**٥ – بەردەستخستن و گەرانەوەی زەوی زارەکانی تایبەت بە کلێسە و ئەو خانووبەرانەی لەم چل ساڵەی دوایی لە لایەن تورك و کوردەکانەوە بە زۆر لە ئاسووریەکان زەوتکراون، بە تایبەتیش لە لایەن ئەمانەی دواییەوە.**

**٦ – بە شێوەیەك کە زەوی زارەکانی کلێسە لە دوارۆژ دا بپارێزرێن بۆ ئەوەی داهاتەکانیان لە فێرکردنی خەڵك خەرج بکرێ و پشتگیری لە کلێسە بکات.**

**٧ – بە شێوەیەك کەوا هەموو زەوی ووزارەکانی کلێسەی نەتەوە دانیان پێدابنرێ و لە لایەن نەتەوەی پارێزگارەوە پشتگیری لێوەبکرێ.**

**٨ – بە شێوەیەك کەوا زەوی یە کۆنەکانی لەوەرگایە ئاسوورییە چیاییەکان کە لە لایەن موسلمانە زۆردارەکانەوە ڕاگیرابوون هتد لە نووژەنەوە لە لایەن مەر و مێگەڵەکانیانەوە بە کاربهێنرێنەوە.**

**( درێژەی هەیە).**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ١٤**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٣ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٩ و ٥٥ دەقیقە.***

***( ١٥ ی مانگ کاتژمێر ١٤ و ٣٥ گەیشتووە).***

***ژمارە ٢٣٨.***

**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

**٩ – سزادانی برێك سەرۆکی کورد و فارس کەوا بە شێوەیەکی سیستماتیکیانە**[١٩] systématiquement **لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی مەسیحیەکانییان**

---

[١٩] **سیستماتیك**: systématique ( نظامي، منظم).

**چەوساندۆتەوە و مامەڵەی خراپیان لە گەڵدا کردوون و گەرەنتی ئەوە بدرێ ئەم ستەمە ڕابگیرێ. لە نێوان ئەوانەدا ئەوانەی لە هەمووان پڕ زەبرو زەنگترن لە سەرۆکە کوردەکان لە بەرامبەر مەسیحیەکانەوە ئەمانەی خوارەوەن:**

**– سمکۆ لە (ووشەیەکی نەناسراو) ی تورکیا کە بەمزوانە بە خیانەت (ووشەیەکی نەناسراو ) ی کوشت، هەوڵدەدات...............**

**– ڕەشید بەگی بەرواری بالاّ[20] کە تیارییەکانی سەرووی تالاّنبرۆکرد و مەلەک یوسف، باوکی مەلەك خۆشارای ئێستەی کوشت.**

**– سۆتۆ ی ئۆرەمار، دوای گفتووگۆیەکی ئاشتیانە لە گەل مارشەمعون، ژن و منداڵەکانی کورنییادزە** Kurnin à Diza **ی کوشتن.**

**ئیمزا و مۆر:**

**مار...پۆلص شەمعوون، پاتریارشی ڕۆژهەلاّت. بە ئامادەبوونی ئێمە ( مار شەمعوون)، پاتریارشی ڕۆژهەلاّت ( بە دوای ئیمزایەکانی ژەنەراڵ ئۆستن و کاپیتان ڕید ) ئیمزای کردووە و مۆری لێداوە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Rou*
**کونسلی فرەنسی**

---

[20] **ڕەشید بەگی بەرواری، سەرۆکهۆزی بەرواری بالایە، کوری تاهیر خان بەگە، باوکی بە هۆی دۆستایەتی و پێوەندی لە گەلچ والی موسل بووەتە سەرۆکهۆز. لە کاتێکدا سەرکردایەتی هۆزەکە لە لایەن باوباپیرانی موسی بەگ بەرێوەدەچوو و بەمشێوەیە موسی خەنیمی یەکەمی ڕەشید بەگە. ڕەشید بەگ هیچ جێگەیەکی ئاوەهای لە ناو شێخەکانی دیکەدا نییە، بنۆرە: د.ولید حمدی،** __**الکرد و کردستان فی** الوثائق البریطانیة__**، لندن، ١٩٩٢ ص:٤٤٢**

**بەڵگەنامەی ژمارە :١٥**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٤ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر ٧ و ٤٥ دەقیقە.***

***( ١٥ ی مانگ کاتژمێر ١٧ و ٣٥ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٣٩.***

**لە گەرانەوەم بۆ تێلگرامەکانی ژمارە ٢٣٠ تا ٢٣٤ م.**

**پێم گرینگە بە شێوەیەکی نهێنی ئەو هەڵبژاردانەی ئەو دەکۆمێنتە ڕەسمیانەی کە من توانیمە بیخەمە بەر دەست لە بارەی سیاسەت و ڕەوتی هاوپەیمانەکان لە بارەی کوردستانەوە بۆ دیپارتومانیان بنێرم.**

**( نهێنی).**

**لە وەڵامی تێلێگرامێکی سکرتێری دەوڵەت لە لەندەن بە مێژووی ٢٨ ی ئۆکتۆبەری ڕابووردوو، کە ناوبراو کاری کۆمیسێر دەکات. پێشنیهادی سەرەتایی شەریف پاشا سەرچاوەی تێلیگرامی ڕۆژی ٤ ی دیسامبەری ١٩١٤[٢١] یان بوو بۆ حکومەتی هیندوستان. ئەگەری هەڵسەنگاندنێکی بەکارهێنانی شەریف پاشا لە ناو بروسکە نهێنیەکەی ڕۆژی ٢٢ ی ژانڤیەتان دایە بۆ حکومەتی هیندوستان.**

---

[٢١] هاوپەیمانەکان کە هێشتا لە ناو جەنگدا بوون کەوتنە مفاوەزە لە گەڵ کورد. لە حوزەیرانی ١٩١٨، سیر پێرسی کۆکس، لە کاتی سەفەری بۆ مارسیلیا چاوی بە شەریف پاشا دەکەوێ و پێشنیاری بۆ دەکا کە خۆیی و کوردەکان هاریکاری بریتانیا بکەن لە بەرامبەر ئەوە وادەی پێدان کە لە لایەن بریتانیاوە ددان بە سەربەخۆیی کوردستان بنێن. ڕاستیەکەی ئەم دەستپێشخەریە بە ئەنجام نەگەیشت، لە کاتێکدا کە بۆ هەوەڵجار، ساڵی ١٩١٤، شەریف پاشا خۆی داوای لە بریتانیای فەخیمە کردبوو کە دەیەوێ خزمەتەکانی پێشکەش بەو وڵاتە بکات، هەڵبەت، ساڵی ١٩١٤ بریتانیای فەخیمە نەیتوانی ئەم خزمەتانەی بەکاربهێنێ، بە هەمان شێوە ساڵی ١٩١٨ ش ئەمەی نەیەویست، بگەرێوە بۆ : .Charles A. HOOPER، L’Iraq et la société des Nations، Paris، Libraire de la Cour d'Appel et de l'ordre des Avocats، Paris، ١٩٢٧، .p. ٩٩

**ئۆفیسی هەندەران Forgne Office و سکرتێری حکومەتی هیندوستان بە بێ هیچ دوودڵیەك یادداشتنامەی چاوپێکەوتنی سیر پێرسی کۆکس Sir P.Cox و شەریف پاشا بە مێژووی ٣ ی حوزەیران یان لە بەر دەستە. من کۆپیەکی بە پۆستەدا بۆ سیملا Simla و تاران دەنێرم. ووتووویژە پێشووتریەکانی شەریف پاشا لە گەڵ سێر پێرسی کۆکس لە بارەی کوردستانی خووارەوو بووە و من پێم وایە باشتر دەبێت وریایی ئێمە و وورییایی ئەو ( شەریف پاشا) لە کاروباری کوردەکان بۆ کاتێکی سنووردار بێت.**

**پرسی کوردەکانی باکوور و ئەومەن یەکێك لەو دوو پرسانەیە کە شەریف پاشا لەوانەیە بتوانێ دواتر هاوکاری تێدا بکات، نەك هەر یەکێکیشیان کە بە بروای من، جێگەی گومانە بە گوێرەی پێشنیارەکانی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت. بۆ ئێستەکە جگە لە پێشنیارەکانی پێشوو هیچ ڕوانینێك لە سەر ئەم بابەتەوە دەرنەبراوە.**

**ئەوەی تایبەتیشە بە کوردستانی خواروو، ئەگەر ڕەوشی سەربازی ڕێگە بدات و ئەگەر پێشنیارەکانی ناو تێلێگرامی ڕۆژی ٢٧ ی ئۆکتۆبەرم قەبووڵکران، من دەمووەست پێشنیار دەکەم لە هەموو حاڵەتێکدا ئەنجومەنێکی ناوەندی conseil central پێکبهێنن بۆ سەرۆکایەتی کردنی کوردستانی خووارووو لە ژێر چاوەدێری قەڵەمرۆی بریتانیەکان کە لەوانەیە لە مووسل یا لە هەولێر دروستببێ. ئەگەر ویلایەتی مووسل بکەوێتە ناوچەی قەڵەمرۆی ئێمەوە.، پێشنیارێکی دیکە ئەگەر زابی بچووك ببێتە سنووری باشووری نفوزی تایبەتی ئێمەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا کاروباری کوردستانی خواروو ئەوەندەی بکرێ لە سلێمانییەوە سێنترالیزە[٢٢] centraliser بکرێ.**

**( درێژەی هەیە).**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

[٢٢] سێنترالیزەکردن : centraliser ( بە ناوەندیکردن).

**بەڵگەنامەی ژمارە : ١٦**

***وەزارەتی كاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٤ ی نیسانی ١٩١٩ كاتژمێر٩ و ٣٥ دەقیقە.***

***( ١٤ ی مانگ كاتژمێر ١٤ و ٤٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٤٠.***

**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

**لەم یان لەو ئەگەرانەدا، من ئاماژە بۆ ئەوە دەكەم كەوا شەریف پاشا[٢٣] بە هەر شێوەییێك بێت بێتە ئێرە تا پێوەندی لە گەڵ هاونیشتمانیەكانی خۆی بگرێ كە لە وەتای منداڵیەوە نەیدیوون.**

---

[٢٣] **شەریف پاشا ( ١٨٦٥–١٩٤٤) كورە گەورەی سەعید پاشای كوری حوسێن پاشای خەندانە، لە كۆشی خێزانێكی كوردی ڕەسەندا چاوی كردۆتەوە. لە گەنجێتی دا دەبێتە ئەفسەر لە سوپای عوسمانی و پاشاندەگاتە پلەی ژەنەراڵ. ساڵی ١٨٩٨ دەبێتە بالوێزی عوسمانی لە ستۆكهۆڵم،. دوای كۆدێتای توركە لاوەكان ١٩٠٨، یەكەمین قۆناغی كوردایەتی شەریف پاشا دەستپێدەكات و لە عۆسمانیەوە بازدەدات بۆ كوردستانیزم كە دواتر دوای جەنگی یەكەمی جیهانی یەكێك لە تاكە دیپلۆماتەكانی كورد بووە لە دەرەوەی وڵات. گەلێك هەولیدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی و نوێنەرایەتی كوردی كرد بۆ كونفرەنسی ئاشتی، بەڵام دواجار گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە زلهێزەكان دانی خێر بە كورد دانانێن و كوردیش لە ناوەوەی خۆیدا یەكدەنگ نین، دواجار لە ٢٧ ی نیسانی ١٩٢٠ وازی لە كاری سیاسی و نوێنەرایەتیكردنی كورد هێنا، بگەرێوە بۆ د. فواد حمە خورشید** مصطفي، القضية الكردية في الموتمرات الدوليـــة، **منشورات دار موكریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ص: ٢٥–٣٧. ئێمە لە ناو ئەرشیفخانەكانی لەندەن و پاریس ژمارەیەكی زۆری نامە فرەنسییە كانی شەریف پاشا و كۆمەلێك دەكۆمێنتی یەكجار نایابمان دۆزیوەتەوە لە بارەی شەریف پاشا كە كاری لە سەردەكەین.**

ئەگـەر حـەز بکـات لێـرە بمێنێتـەوە و قەناعـەتی هێنـا، مـن هەوڵـدەدەم پشتیوانییەکی پراتیکی لێبکەم تا ئەو کاتەی دەکەوێتە ڕەوشێك کە بتوانێ دەسەڵات و نفووزی خۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێمە و هاونیشتمانییەکانی خۆی پیادەبکات. ئەگەر ئەم ئەگەرانە هیچیان نەبوون من پێم وانییە وریایی بێت وەکوو دیپلۆماتێکی دابراو لە لەندەن، هێشتا کەمتر لە پاریسیشەوە بە ناوی کوردەکانەوە قسەبکات. وەختایەك پێویستیەکانیان جێگەی ڕەزامەندی نابێ لە لایەن نوماینـدەی بریتانیەکانەوە لە ناوچەکەوە، چاکتر واییە بۆ حکومەتی خاوەنشکۆ بەجێبهێڵدرێ.

هیوادارم بتوانرێ لە مێژوویێکی زۆر نزیکی شیاودا لە بریاری حکومەتی خاوەنشکۆ لە بارەی ئەو سیاسەتەی کە دەبێ لە ڕووی ناوەخۆییەوە لە ویلایەتی مووسل پیادەیان بکات ئاگاداربکرێمەوە.

ئەوەی کە وەپێش ڕەزامەندی ژەنەرالی سەرکردایەتی گشتی میزۆپۆتامیای دەکەوێتەوە.

( درێژەی هەیە).

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

کونسلی فرەنسی

***بەڵگەنامەی ژمارە :١٧***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٤ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر١٣ و ٢٥ دەقیقە.***

***( ١٥ ی مانگ کاتژمێر ١٨ و ٣٠ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٤١ .***

درێژەی ژمارەی پێشوو.

(نهێنی).

١٦ ی نۆڤەمبەر، کۆلۆنێل ویلسن تێلگرامێکی بۆ سکرتێری دەوڵەت، وەزیری دەوڵەت لە لەندەن هەناردووە:

" وەفدێکی نوماینەدەی بنەماڵە سەرەکیەکانی نیشتەجێ لە بەغدا و دەرەوەی بەغدا هاتوون ئەمرۆ من ببینن تا داوام لێببکەن فشار بخەمە سەر حکومەتی خاوەنشکۆ تا هەلی پێشکەوتنێکی بەرنامەرێژ[٢٤] of orderly progres بە کوردەکان بدات بەوەی ئەوە ڕابگەیەنێ کە کوردستان دەبێ بکەوێتە ژێر پرۆتێکتۆرای protectorat ی بریتانییەوە. پێشنیاری ئەگەری کۆنفیدراسیۆنێکی کوردی لە لایەن سەرۆکی وەفدەکەوە کرا و بە بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازی لێکرا.

سەرۆکی بنەماڵەکان ئەویان ڕوونکردەوە کە هەڵوێستی ترادسیۆنی فرەنسییەکان وەکوو پرۆتێکتۆرای کۆمیونیتە مەسیحیەکان لە ڕۆژهەڵاتدا، لە بەرچاوی کوردەکان بۆ هەڵی درووستکردن و پاراستنی کۆنفیدراسیۆنێکی کوردی بێ توانایە، هەولێك تەنها حکومەتی خاوەنشکۆ دەتوانێ جێبەجێی بکات. ئەوان پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە پێویستە ئەم کۆنفیدراسیۆنە هەموو کوردەکان بگرێتەوە.

بۆ ڕۆژی دواتری ١٦ ی مانگ، لە تێلگرامێکدا کە تێیدا وەسفی ئەو پێشوازیە گەرم و گورە دەکات کە بۆ مێجەر نۆیل Noël کرا لە کاتی گەیشتنی بۆ سلێمانی. کۆلۆنێل ویلسن ئەم تێبینیانەی خوارەوەی ئەم ئەفسەرە سیاسیە دووبارە دەکاتەوە:

" بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەو هێندە بە هێزە کە من ئاستەنگی ئاوا گەورەم نایەتە پێش بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە ژێر پارێزگاری ئێمە و بە کۆنترۆڵی ئەفسەرە سیاسیەکانی ئێمە لە بارەی سیاسەتی گشتییەوە بەو مەرجەی ئێمە ئێستەکە هەنگاوی بە پەلە و توند هەڵبگرین ".

(ووشەیەکی نەناسراو) ئەفسەری سیاسی کە ئەرکی کۆمیسێری سیڤیلی بە ئەستۆ گرتووە ئەوە زیاد دەکات: " بزووتنەوەکە هێندە بەهێزە کە من شێلگیرانە

---

[٢٤] پێشکەوتنێکی بەرنامەرێژ یا پێشکەوتنێکی ڕێکوپێك، تەواو بەرامبەر ئەم ڕستە ئینگلیزیە دەوەستێتەوە کە لە ناو خودی بەڵگەنامەکەشدا هەر تەنها بەم شێوەیە نووسراوە of orderly progres. وەرگێر.

ئامۆژگاری ئەوە دەکەم کەوا ئەفسەرگەلێکی لێهاتوو بنێرن بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی ڕاستەوخۆی خزمەتگووزاریە بەریوەبەرایەتییە سەرەکیەکان. مێجەر نۆیل داوا دەکات دەستەوجێ دەستپێشخەری بزووتنەوەیەکی هاوشێوە بکرێ لە ژمارەیەك ناوەندی کوردی لە باکووری مووسلەوە. من هەرچی بکرێ زوتر لەم پرسە دەکۆڵمەوە.

( درێژەی هەیە).

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
کونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ١٨**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٤ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر١٧و ٢٥ دەقیقە.***

***( ١٦ ی مانگ کاتژمێر ٧ و ٤٥ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٤٢ .***

**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

........٢٧ ی نۆڤەمبەر، بەرێز ویلسن Wilson لە لەندەنەوە تێلگرامێکی بۆ سکرتێری دەوڵەت لە هیندستان ناردووە کە تێیدا هاتووە: مێجەر نۆیل Noël هەواڵدەدات کە ڕێکخستنکاری کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر پرۆتێکتۆرای protectorat بریتانی کە تا کەناری دەریای وان درێژ بێتەوە پێکبهێنێ، ئامانجێك کە دەکرێ ئێستە بە ئاسانی بپێکێنرێ و حکومەتی خاوەند شکۆ ئارەزوویەتی ئەم بیروو ڕا ناوەخۆییانە دنە بدرێن. من زۆر بەختیار دەبم ئەگەر بە تالووکە لە زانیارەکان ئاگادارم بکەنەوە، بە شێوەیەکی دیکە دەترسێم کە حکوومەتی خاوەنشکۆ و زلهێزەکان " کردەیکی تەواوکراو بخەنە بەردەست، کە دوایی زۆر ئەستەم بێ هەڵیگێرنەوە ".

مێجەر نوێل دەنێرمە ڕواندوز[٢٥] و نەهری لە گەڵ نومایندەکانی شێخ مەحموود بۆ ڕاپەرینی هۆزەکان و ( وە دوورخستنەوەی exclure (ووشەیەکی نەناسراو) لە کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر پرۆتێکتۆرای بریتانییدا.

لە ڕێنوێنیەکانی بۆ نوێل، کۆلۆنێل ویلسن لە ٢٦ ی نۆڤەمبەر دەنووسیێ:

" من پێم وایە پێویستە بۆ بەرژەوەندی یاسا و نیزام (شێوە ڕێگەی پێویست دابنریێ) لە ژێر پارێزگاری بریتانی و بەرپرسیاریەتی ئەفسەرە بریتانییەکان بۆ مانەوەی یاسا و (ووشەیەکی نەناسراو).

کوردەکانیش وەکوو عەرەبەکان لە سۆنگەی نارەزایی شەری ناوخۆیانەوە ناتوانن خۆیان خۆیان بەرێوەببەن، بۆیە حکومەتێکی دەرەکی بەهێز پێویستە. دواجار لە ١١ ی ئاداری ڕابووردوو، کۆلۆنێل ویلسن ئەم ڕاگەیاندنانەی خوارەوەی لە قاهیرە (میسر) دا ڕاگەیاند.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

---

[٢٥] مێجەر نۆیل ناوی تەواوی ئەدوارد چارڵز ولیام نۆئیلە، دەورانی یەکەم حکوومەتی شێخ مەحموودی حەفید لە ١ ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ بە دواوە لە سلێمانییەوە ڕویکردە ڕەواندوز تا ئەو ناوچەیەش بخاتە ژێر حوکمدارییەکەی شێخ و دوای چەند هەفتەیەکی کەم گەرایەوە. وەختێکیش ئینگلیز لە هەوڵەکانی شێخ درۆدۆنگ بوو، بریاری دا نەخشەی سیاسەتی خۆی لە کوردستانی باشوور بگۆریێ، ئەوە بوو پاش کۆبوونەوەی (ویلسن) ی بریکاری حاکمی گشتی و نۆئیل و لیچمەن و سۆن و گۆردن و چەند کەسێکی دیکە، سۆن خرایە جێگەی نۆئیلی دۆستی کورد. نۆئیل لە ١٩٢١ دا ئامادەی کۆنفرەنسی قاهیرە بوو و، لەو یاداشتنامەیەدا کە لە گەڵ (یۆنگ) ئامادەیان کردبوو، داوایان کرد ناوچە کوردنشینەکان نەخرێنە سەر دەوڵەتی عەرەبیی میزۆپۆتامیا. نۆئیل پاش برانەوەی دووەم جەنگی جیهانیش گەرایەوە بۆ بریتانیا و خانەنشین بوو، بنۆرە، مێجەر نۆئیل، سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، لە عەرەبییەوە وەرگێرانی: سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠١، لا: ١٥

**بەڵگەنامەی ژمارە : ١٩**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٤ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر١٧ و ٣٥ دەقیقە.***

***( ١٦ ی مانگ کاتژمێر ٧ و ٣٠ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٤٣.***

**درێژەی ژمارەی پێشوو**

**" لە گەڵ ڕازیبوونی تەواوی سەرکردایەتی لە میزۆپۆتامیا، ئەوە پێشنیار دەکەم بۆ بەڵگە هێنانەوەکان کە مێجەر نوێل Noël لە دیپارتومانی سیاسیی هیندوستان کە لەوەتای چوار ساڵە لە ئێران وکوردستان لە گەڵ ئەم هێزە کاردەکات، بنێردرێ بۆ نەسیبین، لە گەڵ فرمانی ئەوەی بە ئاشکراوە ڕەوشی خەڵکە مەسیحیەکان بخاتە بەرچاو لە پێشبینیکردنی ڕێکخستنی (ووشەیەکی نەناسراو) و ڕێگەکان و وەسیلەکان بۆ زامنکردنی ئازووقەی ناوەخۆیی بۆ ئەو لەشکرانەی کە ئێمە دەتوانین دوای ئەوە بیاننێرینە ئەم ناوچەیەوە. تا ئەو دەمەی ناوچەکە بە هێزی ئێوە سپێردرابێ ئەوا لە ژێر فەرمانی ئێوە و لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتکارە سەربازییە ناوچەییەکان دەبێت کە سەرکردایەتی ئەم هێڵە دەکەن.**

**مەبەست لە ناردنی مێجەر نوێل ئەوەیە زانیاری بۆ من و ژەنەراڵ لە بەغدا کۆبکاتەوە، لە بارەی ڕەوشی سیاسی نێوان کوردەکان و تورکەکان لەم ناوچەیەدا و بە تایبەت ڕەوشەکانی ئابووری بۆ ئەوەی بە حکومەتی خاوەنشکۆی ڕابگەیەنیین[٢٦]، بە نیازی پێشنیارکردنییان بۆ بەردەم کۆنفرەنسی**

---

[٢٦] **بەرهەمی گەشتەکەی مێجەر نۆیل** Major Noël **بە ناو کوردستاندا کتێبێکی نایابی لێکەوتەوە کە لێواو لێوە لە زانیاری بەکەڵك لە بارەی ئەو سەردەمەی کوردستان و پرییە لە وێنەی تایبەت بە کوردستان و بە تایبەت وێنەی سەرۆکهۆزە کوردەکان، دواتر ئەم کتێبە لە بەسرە ساڵی ١٩١٩ چاپ و بڵاوکرایەوە، بنۆرە:** Diary of Major E. Noel، C.I.E.، D.S.O.، on special duty in : Kurdistan from June ١٤ th، To Sepember ٢١ st، 

ئاشتی conférence de la paix که بۆ ڕێکخستنی ئەم ناوچەیە زانیارییەکانی ئێستەمان زۆر نادروست و (ناتەواوە) بۆ ئەوەی بتوانم هەر وەك پێویست پێشنیارەکانی ئێستە هەڵبسەنگێنم (ووشەیەکی نەناسراو) کە تایبەتن بەم ناوچەیەوە.
( درێژەی هەیە).

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
***کونسلی فرەنسی***

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٠**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٦ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر٧ .***

***(١٨ ی مانگ کاتژمێر ٨ و ٢٠ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٥٤ .***

**دەگەڕێمەوە بۆ تێلگرامەکانی ژمارە ٢٣٦ و ٢٣٨ م.**

**ئەو ڕێککەوتنامەیەی لە بەعقووبە ئیمزا کراوە، بانگەوازی چاوەدێری ڤاتیکان دەکات ئەمەیە:**

**لەو سنوورانەی دەستنیشانکراوە هەموو ئەو دانیشتووانە خالدیانەی کە دەکەونە ویلایەتی مووسل دەکەونە ژێر ناونانی ئاشوورییەکان چونکو نەستووریەکان نە لە مووسل و نە لە جەزیرە و نە لە سیعرەت ناژین [27]. ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەیین کە مار شەمعوون بە زمانی گەلەکەیەوە قسان دەکات دەتوانێ**

---

١٩١٩، وێنەیەکی ئەم کتێبە لە ناو دەستاوێژەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی لەناو فایلی FO. ٣٩١ / ٥٠٦٨ پارێزراوە.

[27] نەستووریەکان: پەیرەوکارانی نەوەی (مار نەستوریوس) ن، ساڵی ٤٨٤ ی زایینی لە کلێسەی بێزەنتینی جیابوونەتەوە. بە زۆری لە ناوچەی بادینانی کوردستانی خواروو، ورمێ و ناوچەی هەکاریدا دەژین، وەرگێر.

تەنها ئەو ناوچە هاوسنوورانەی کە بەرەو بەرزاییە سەرەکیەکانی کوردستان دەچێ، لە نێوان ورمێ و دەربەندی (ووشەیەکی نەناسراو) زاب بەرەو کەناری ڕووباری جولەمێرگ وەکوو هی خۆی داوا دەکات. لە ئەنجامدا ئێمە ئەومان پشتگوێ خست ئەوە ئیشارەتپێبکەین کە خالدیە کاتۆلییکەکان هەموو مەسیحیەکانی ویلایەتی مووسل وەکوو ڕەعایەی دونیاییی و ڕۆحی ( پاتریارشی ڕۆژهەڵات ) ئیدیعا دەکەن بۆ پێشکەشکردنی دەکۆمێنتێکی ناتەواو بۆ بەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی.
بۆ پێوەچوونی ئەوەی پێشوو، بنۆرە تێلیگرامی ژمارە ٢٣٩ م.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢١**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***( بەغدا١٧ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر١٠ و ٣٠ دەقیقە).***

***(١٨ ی مانگ کاتژمێر ٢٣ و ٣٠ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٥٧ .***

**( نهێنی).**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٢٤٢ ی پێشووم.**

لە مانگی ژانڤیەی ڕابووردوو، سێرڤیسی سیاسیی لە بەغدا بریارێکی دەرکرد کە بەو هۆیەوە دوو هۆزی کورد لە سەر ڕێگەی ڕواندوز تا نەهری خرانە ژێر کۆنترۆلی ئەفسەری سیاسیی لە ڕواندوز و بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی خواروو لە سلێمانییەوە بەستراونەتەوە کە شێخ مەحموود سەرۆکایەتی دەکات.

ئەفسەری سیاسیی لە مووسل کە دژی ئەم بریارە ڕاوەستاوە پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە ئەم هۆزانە هیچ کاتێك سەر بە سلێمانی نەبوون بەڵکوو هەمیشە سەر بە مووسل بوونە. کۆمیسێری سیڤیل لە ١٧ ی ژانڤییەوە وەڵامی داوەتەوە کە

ناتوانێ ئەو بڕیارەی کە ٤ ی مانگ بۆی هاتووە دەستکاری بکات. ئەو دەقاو دەق بەو شێوەیەی خوارەوە پێوەدەچێ:

" ڕەوشی سیاسیی ئێستە کە ناچارمان دەکات کوردستان وەکوو یەك یەکەی سیاسیی دروستبکەین و ئەو سیاسەتە لە لایەن حکوومەتی خاوەند شکۆوە پشتگیری لێوەکراوە. ئەو بە شوێنیەوە پێوە دەچێ کە هۆزە کوردیەکان ئەوانەی ئامادەن و حەزدەکەن لە گەڵ کۆنفیدراسیۆنی کورد یەکبگرن دەبێ ڕێگەیان پێبدرێ ئەوە بکەن. هیوادارم توانای ڕێکخستنی کۆنفرانسێکمان هەبێ بەمزووانە لە نێوان ئێوە، مێجەر نوێل و (من).

( درێژەی هەیە).

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٢**

ەزارەتی کارەباری هەندەران

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا ١٩ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر٦ و ٣٠ دەقیقە.***

***(٢٢ ی مانگ کاتژمێر ٣ و ٢٠ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٦٣ .***

**( نهێنی).**

**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

کۆمیسێری سیڤیل دەموودەست وەڵامی دایەوە کە ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی دایە ئەم سەرۆکەی کورد:

" خورشید بەگ حکومەتی بریتانی لە جیاتی حکومەتی تورك قەبووڵکردووە. جا ئەگەر سەرۆکەکانی دیکەی کورد و ئەو هۆزانەی کە لەو چیایانەدا دەژین کە تا دەچڵە درێژ دەبێتەوە، لە خاپوورەوە بۆ هەردوو زاب، بە هەمان شێوە ئارەزوو دەکەن ئەوا دەبێ نزیکترین ئۆفیسی سیاسیی ئینگلیز خەبەردار بکەنەوە. عەریزەکانیان بە ڕەزامەندییەوە تاوتوێ دەکرێ و دەگەیەنرێتە حکومەتی

**بریتانییـەوە. بـەم شـێوەیە ئەگـەر خـوا حـەزبکات ، ئـەوا کوردەکـان دەکەونـە ژێـر دەسەڵاتی حکومەتێکی دادپەروەر و سینگفرەوانەوە ".**

**٣ ی فێڤرییە، ئۆفیسی سیاسیی ڕەواندووز تێلگرامێکی بۆ بەغدا لێداوە:**

**" بە خورشید بەگم گووت نفووزی خۆی لە سەر ناوچەی هۆزی خۆیەوە (باشقەڵا) دیـاری بکـات ( سـنووردار بکـات )، چـوونکو زۆر دژە ئەرمەنییـە. دەترسـێم ڕوانینـەکان و حوکمدانـە پێـشینەییەکانی بمانخاتـە نـاو کێـشە لـە گـەڵ ئـەو ئیرادەیەی کە ئێمە نیازمانە سەبارەت بە دەوڵـەتێکی ئەرمەنی دروستیبکەین. ١١ ی فێڤریە، ئەفسەری سنجاقی** Rikeui **ڕایگەیاند کەوا لە ڕاستیدا خورشید بەگ وادەی داوە چالاکیە سیاسیەکانی لە ناوچەکانی ئامێدی و باشقەڵا سنووردار بکات**

**( درێژەی هەیە).**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٣**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٩ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر١٢ و ٣٥ دەقیقە.***

***(٢٢ ی مانگ کاتژمێر١٤ و ٣٠ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٦٤.***

**( <u>نهێنی</u>).**

**درێژەی ژمارەی پێشوو.**

**١٢ ی فێڤریـە، کۆمیـسێری سـیڤیل لـە بـارەی خورشـید بەگـەوە وەڵامـی پێشنیارەکانی لە پێشتر باسکراوی ١٩ ی ژانڤیەی داوەتـەوە، داواش لـە مێجـەر نوێل دەکات کەوا ئەم سەرۆکهۆزە و هۆزەکەی تا ئێستە چەند پارەی بۆ هاتووە و مانگانە چەند وەردەگرێ. ٢١ فێڤریـە ئەفسەری ڕوانـدوز وەڵامدەداتـەوە : " کـە**

خورشید بەگ ۳۰۰ لیرەی تورکی وەرگرتووەوە دوو سەرۆکی دیکەی گرینگیش هەریەکە و ۱۵۰ . خورشید بەگ مانگانە ٤۰۰ ڕۆپیە وەردەگریٚ کە لە موچەی قایمقامێکی تورك کەمترە کە برازاکەی ئەمین بەگ و ئەفسەرێکی دیکەی سوارەی حەمیدیە کە مووچەی پاسەوانەکانیشی وەردەگریٚ ". هەرچی سەبارەت ئەو یارمەتییە داراییانەیە کە بۆ هۆزەکان بڕیاردراون، ئەم زانیاریانە ناتوانریٚ بنێردریٚ تەنها لە لایەن ئەفسەری سیاسی هەولێرەوە نەبێت.

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٤**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ۱۹ ی نیسانی ۱۹۱۹ کاتژمێر۱۸ و ٥۰ دەقیقە.***

***(۲۲ ی مانگ کاتژمێر ٤ و۲۰ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ۲٦٥.***

هەمان مسیۆنێر کە من هەڤپەیڤینم لە گەڵدا کردبوو و لە تێلگرامی ژمارە ١٥٤ مدا بۆپایەبەرزتانم ڕەوانە کردبوو، لە بارەی یادداشتێك کە سورەیا بەدرخان ( بنۆرە تێلگرامی ژمارە ۲۳۲ م ) داویەتی بە دەسەڵاتکارانی ئینگلیز، ڕاپۆرتێکی نووسیووە کە بە نهێنیەوە ئەم چەند نووسراوەی خوارەوەیان پێراگەیاندم:

" من حەقیقەتی پرۆتێکتۆرایەکی بریتانی لە میزۆپۆتامیا وە ئەستۆ دەگرم و تێبینی ئەوەم کردووە کە لەم حاڵەتەدا زلهێزەکان بەرپرسیار دەبن لە وڵاتێکدا کە پشت بە ئاوەدێری دەبەستیٚ ناتوانیٚ وەك چۆن لە میسر بینیمان چارەنووسی لە چارەنووسی سەرووی وڵاتەکە جیاواز بێت کە ڕووبارەکە ئاودێری دەکات. ئەمە گەرەنتی کۆنترۆڵی بریتانی دەکات بۆ چارەنووسی کوردستان و دەوڵەمەندیی شاراوەی ئەم وڵاتە بە شێوەیەکە کە هەر هیچ نەبێت بەدرخان لەم حاڵەتەدا ڕاستی گووتووە). کە وادەی پاداشتی گەورەی داوە. کۆنترۆڵی کوردەکان،

وێرای ناوبانگی ئاژاوەگێریان بۆ ئێمە نابێتە کێشە، تەواو لە گەڵ دەستپێکردندا پێویستە بە ووردی ئەوە جێبەجێبکرێ کە هەموو مافێکی کانەکان بە تایبەت بگەرێتەوە بۆ حکومەت، چونکە سەرچاوەکانی کوردستان لەم ماددەیەدا بێشوومارن.

**شارل رۆ**
*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٥**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٣ ی نیسانی ١٩١٩ کاتژمێر٧ و ٢٠ دەقیقە.***

***(٢٦ ی مانگ کاتژمێر ١٥ و ٤٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٧٠.***

( نهێنی).

هەینی ڕابووردوو ئاغا پەترۆس فرمانی بۆ هات لە ماوەی دوو سەعاتدا بگاتە مووسڵ. نارەزا بوو و ڕەتیکردەوە بچێ. دوێنێ لە لایەن مولازم Howelle کە کاری کۆمیسێری سیڤیل دەکات داواکراوە. ئەمەی دوایی لێپرسیووەتەوە ( ووشەی نهێنی) لە بارەی مار شەمعوون و لە بارەی هەستی تایبەتی خۆی لە بەرامبەر پاتریارشی نەستوریەکان لێی پرسیوەو پێی ڕاگەیاندووە کە بەمزووانە سەید تەهای نەهری[٢٨]، کە کەسایەتیەکی ئایینییە و نفووزێکی بێشوماری لە ناو

---

[٢٨] خاتوو بێل لە بارەی سەید تەها دەنووسێ: ( نیازی سەید تەها لە سەردانەکەی بۆ بەغدا ئەوە بوو داوا لە بەرپرسیارەکان بکات کەوا کوردستانێکی یەکگرتوو لە ژێر چاوەدێری بریتانیا دروستبکەن بە کوردەکانی ئێرانیشەوە. جا وەختایەك بۆیان لێکدایەوە کە ناتوانن یارمەتی بدەن لە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی ئاوەها بە نیسبەت کوردەکانی ئێرانەوە، تووشی نائومێدی بوو، بەڵام گووتی جیابوونەوەی کوردەکانی ئێران لەو وڵاتە حەتمیە هەتاوەکوو ئەگەر ئێمەش

**کوردستانی باکووری Kurdistan septentrional دا هەیە دەگاتە بەغدا کە تا وەکوو ئێستە بە تەواوی دوورە پەرێز بووە. هاوپەیمانە ئینگلیزەکانمان ناچار بوون سەید تەها بە وادە و بە پارە ڕابگرن و هیوا دەخوازن بیکەن بە (ووشەیەکی نەناسراو) ئۆفیسالی کوردەکان و لایەنگیری بریتانیەکان بە بێ هیچ گومانێک. ڕاستیەکەی کوردستان لە ساتە وەختی ئێستەدا زۆر پاچە پارچە بووە و بۆ ئەوەی بتوانن لە ناو سەرۆکە شاریەکاندا بزووتنەوەیەک دروستبکەن کە هەڵبەت پشت بەو کەسایەتیە ئاینییە دەبەستن کە نفووزی بێهاوتایە بۆ ئەوەی وەک ئەوەی دەیلێن بیکەن بە زمانحاڵی خۆیان.**

**( درێژەی هەیە).**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
***کونسلی فرەنسی***

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٦**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٩ ی ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر٦ و ٤٠ دەقیقە.***

***(٢ ی مانگ کاتژمێر ...... گەیشتووە)***

***ژمارە ٢٨٠.***

**( زۆر نهێنی).**

**دەگەرێمەوە سەر تێلگرامەکانی ٢٤٤ و ئەوانی پێشووترم.**

**ئاغا پەترۆس ئاگاداری کردمەوە کە لە ناو دەستی کۆمیسێر Wigram ی ئەتاشەی موقەدەمەوە لە کامپی ئاوارە نەستووریەکان لە بەعقوبە نەخشەیەکی بینیووە سنوورەکانی دەوڵەتی خوارووی کوردستانی تێدابووە کە سنوورە**

---

**بریاری لەسەر نەدەین، بنۆرە: د.عزیز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، الموسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٨٥، ص: ١٩،**

ڕۆژئاواییەکانی وا نەخشە کێشراوە کە لە ڕۆژئاوا دا ئامێدی و مووسل بە جێدەهێڵێ و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە نەهری و ئاکرێ بە خۆیەوە دەگرێ. دکتۆر ویگرام پێی ووتووە کە بەخشینی مووسل بە فرەنسا یا ئەنگلستان هێشتا بریاری لە سەر نەدراوە، بەڵام ناوچەی ئاکرێ بە بێ هیچ گومانێك دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلستان و لە بەر ئەم هۆیانەشە کەوا پرۆژەی جێبەجێکردنی ئاسووریەکان بە شێوەیەکی کاتی لە دەوروبەری ئەم شارەی دوایی ئەنجام دەدرێ لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە بتوانرێ بگێردرێنەوە بۆ جێگە وهەواری بەر لە جەنگ. ئەم زانیاریە دووپاتەی ئەوە دەکاتەوە کە من ئاگادارم لە بارەی دروستکردنی دەوڵەتێکی وەك دەڵێن سەربەخۆی کوردستانی خواروو کە ئەفسەرە سیاسییەکەی کەسێکە بە ناوی سۆن، کۆنە گەریدەی کوردستانە، کراوە بە حاکمی هەر بە ناو دەسەڵاتی شێخ مەحموودی سلێمانییەوە، شێخ مەحموود تەنها نفووزێکی تەواو ناوەخۆیی هەیە و لە ڕێگەی ڕوانینێکی تەواوە دەسەڵاتکارانی ئینگلیز هۆزە کوردیەکانی نێوان ڕواندوز و نەهریان بە سەرکردایەتیە گشتیەکەی بەستەوە کە لە ڕاستیدا تەواو سەربەخۆ بوون.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٧**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٤ ی ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر٦ و ٥٥ دەقیقە.***

***(٢١ ی مانگ کاتژمێر ١٠ گەیشتووە)***

***بە بێ ژمارە.***

سەید تەها ئەو سەرۆکە کوردەی کە لە تێلگرامی ژمارە ٢٧٠ مدا باسم کردووە، چەند ڕۆژێکە گەیشتۆتە بەغدا. پێیان ووتم داوای کردووە سەردانی پاریس بکات بۆ داکۆکیکردن لە پرسی کوردان، بەڵام ئینگلیزەکان ڕێگەی پێنادەن.

ئەم سەرۆکە پێوەندی بەردەوامی لە گەڵ نەقیبی بەغدا هەیە.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٨**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٥ ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر١٣ و ٥٠ دەقیقە.***

***(٢٣ ی مانگ کاتژمێر ١١ گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٢٣ .***

لە ماوەی پانزە ڕۆژی دوایی کوردەکانی سەرووی زاخۆ هاتوون ٧ ئاوایی مەسیحیەکانیان تالانکردووە. پاسەوانەکان لە لایەن کوردە هاوسێەکانیان پەیمانیان پێداوەو هاورێیان بوونە. وا پێدەچێ کە کوردەکان لە سەر ئەوە ڕێککەوتبن بۆ ( ووشەی نهێنی) بۆ سەر مەسیحییەکان. پاسەوانەکان لە گەڵ ئەوەشدا لە لایەن دەسەڵاتکارانی بریتانیەوە وا خۆیان نیشانداوە بەوەی بەرگرییەکی توندیان کردووە، کە ئەمە ڕێگەی بۆ کوردەکان خۆشکردووە ئازووقەی توێشوو لە ئینگلیزەکان وەبندەستبخەن .( هەڵوێستی کوردەکان لە وەتای کەمتەرخەمی ئینگلیزەکانیان بۆ دەرکەوتووە کە هیچ کردەیەکی جدیان نەبووە لە دوای کوشتنی ئەفسەری سیاسی لە زاخۆ ( بنۆرە تێلێگرامی ژمارە ٢٢٧ م )، زۆر لە خۆبایی بوون.
بۆمبابارانی گۆیان هیچ ئەنجامێکی وای نەبووە.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٢٩**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٦ ی ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر٦ و ٤٠ دەقیقە.***

***(٢٣ ی مانگ کاتژمێر ١٩ و ٣٥ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٢٨.***

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٣٢٦ م.**

**مار شەمعوون نێردراوە بۆ دێرەی مارمەتی ( یەعقوبییەکان) ژاکۆبیتەکان[٢٩] Jacobites لە نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە. لە کاتی پێشوازی لێکردنێکدا لە سەر شەرەفی ژەنەرال ماك میوهن MacMuhn دا، سەید تەها دیاردی بۆ ئاغا پەترۆس کردووە کە کوردەکان لە ناسیۆنالیستە مەسیحیەکان وەك ئاشووریەکان و ئەرمەنیەکان دەترسن کە بە دروستکردنی دەوڵەتێك کوردەکان بە خۆوە دەگرن و باڵا دەستی خۆیانیان بە سەردا دەسەپێنن[٣٠]، بەڵام**

---

[٢٩] کەمینەیەکی ئەو مەسیحیانەن کە پەیرەوی لە کلێسەی سوورییایی دەکەن و سەر بە کلێسەی نەستووریەکان نین. ئەمانە لایان وایە مەسیح لە یەك کاتدا هەم خوایەو هەم مرۆ. بە زۆری لە کوردستانی باکوور لە ناوچەی تۆرعابدین و جەزیرە و لە کوردستانی باشووریش لە قەرەقووش و بەرتللەدا دەژین، وەرگێر.

[٣٠] بە گوێرەی نووسەری فرەنسی Charles A. HOOPER ئینگلیزەکان لە بەغدا لە گەڵ سەید تەها کەوتوونەتە مفاوەزە. سەید تەها ئەم داوایانەی خوارەی کردووە کە کوردەکان دەخوازن:

–کوردستانێکی یەکگرتوو لە ژێر چاوەدێری بریتانیا، بە کوردەکانی فارسیشەوە دروستببێ.

–جاردانی لێبووردنێکی گشتی.

– ئۆرگانیزەکردنی دەوڵەتێکی نوێ بە دەستەجمعی، واتە لە سەر بنەمای نا مەرکەزیەتێکی بەرفراوان.

–گەرەنتی دژی هەموو هەژموونێکی ئەرمەنەکان و ئاسووریەکان دژی کوردەکان.

هەمان ئەو پشتیوانیەی کە حکومەتی بریتانیا لە عێراقی دەکات. لە وەڵامدا کۆمیسێری باڵا نەیتوانی هیچ زامنێك بدات جگە لەوەی کە بڵێ داخوازیەکانی کوردەکان لە کۆنفرەنسی ئاشتی تاوتوێ دەکرێ، بۆ باسێکی بە داوێنتر بگەرێوە بۆ : : .Charles A. HOOPER، L'Iraq

**ئەگەر ئەوانەی یەکەم بە بێ داخوازی ناسیۆنالیستەکان بیانەوێ بە باشترین شێوە لە گەڵ کوردەکان بژین ئەمە وایان لێدەکات بە بێ نیگەرانیەوە بگەڕێنەوە ناویان.**

**ڕێپێتێدەچێ – مار شەمعوون دەڵێ، کەوا ئیینگلیزەکان وابکەن ئەم سەرۆکە موسلمانانە وەکوو سەرۆکێکی ڕۆحی بخەنە کار، لە کاتێکدا کە قەڵەمڕۆی ( سەید تەها ) بە سەر هەموو کورد بکێشن بۆ ئەوەی وای لێبکەن بە قازانجی ئینگلیزەکان بەرزی بکەنەوە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣٠**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا ١٦ ی ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر١٣ و ٣٥ دەقیقە.***

***(٢٣ ی مانگ کاتژمێر ٢٣ گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٢٩.***

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٣٢٥ م.**

**شێخ محیەددینی جەزیرە بە ئاسانیەکی زۆر و زۆر بە ڕێکوپێکی بڵاوکراوەی پروپاگەندە بۆ زۆر لە سەرۆکهۆزە کوردەکانی دەورووبەری زاخۆ دەنێرێ کە دەیەوێ بە هەر چەشنێك بێت دژی ئینگلیزەکان دنەیان بدات.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

---

Libraire de la Cour d'Appel et de l'ordre ، Paris،et la société des Nations
p. ١٠٣.، ١٩٢٧، Paris،des Avocats

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣١**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٦ ی ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر١٧ و ٥٠ دەقیقە.***

***(١ ی حوزەیران، کاتژمێر ١٦ و ٤٥ دەقیقە گەیشتووە)***

***بە بێ ژمارە.***

کۆمیسێری سیڤیل ئەم بەیانیە پێی ووتم کەوا ڕووداوێکی زۆر ترسناك ئێستە لە سلێمانی ڕوویداوە. مەلیك مەحموود ( بنۆرە تێلێگرامی ژمارە ٢٥٧ م) کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کرابووە حاکم ڕاپەریووە و هەموو پیاوەکانی خۆی چەکدار کردووە و هەموو ئەفسەرە سیاسیەکانی بریتانی لەم وڵاتەدا بە دیلگرتووە: دووانیان دەشێ کوژرابن. لە گەشتێکی فڕۆکەوانیدا کە پێریێ کۆمیسێری سیڤیل کردوویە توانیوویە لە ڕەوشەکە بگات و تونیوویە زیندانیەکان ببینێ. ئەم جولانەوەیە هەرەشەی ئەوە دەکات تا ڕواندوزیش بتەنێتەوە.، کۆلۆنێل ویلسن پێ ی ووتم ئەمەش ئەنجامەکەیەتی، ١٤ خاڵەکەی سەرۆك ویلسن، کەوا کوردەکان دەیانەوێ یەکێتی کوردەکانی فارس و تورکی بە دەستبهێنن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. یەك (لەشکری) بە هێز کە پێکهاتووە لە لە لیوایەك بۆ ناوچەکە هەناردراوە بۆ گەراندنەوەی یاسا و ڕێگە گرتن لە کوشتاری مەسیحیەکان.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
کونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣٢**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا ٣٠ ی ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر١٤ و ٢٠ دەقیقە.***

*(٦ ی حوزەیران ، بێ کاتژمێر)*

*ژمارە ٣٥٥.*

لە ئاغا پەترۆس، سەرکردەی هێزی ئاسوورییەکان لە ورمێ بۆ بەرێز Zebouni نومایندەی ئاسوورییە-کلدانییەکان Assyro-chaldéen لە پاریس.

" ١- زۆربەی ئەو ناوچانەی لە گۆلی ورمێ تا گۆلی وان و لە دیاربەکرەوە تا مووسڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئاسوورییەکان.

من زۆر چاك ڕەوشی ناوچەکە و هێزی کوردەکان دەناسم، هەر ئەو کاتەی کۆنفرەنسی ئاشتی ڕێگەمان پێبدات زەوی و زارەکانی باوباپیرانمان وەربگرینەوە، دەتوانین بە بێ هیچ ترسێك لە کوردەکان پارێزگاری لێبکەین.

٢- ئەوەتان لە یاد نەچێ کە بەشی باکوور- ڕۆژئاوای فارس لە تەواوی ماوەی جەنگدا یارمەتی ئەڵمان و تورکەکانیان داوەو ئەم ناوچەیە هیچ کاتێك بێلایەنی خۆی نەپاراستووە

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی.**

تێبینی بۆ بەشی شیفرە:
تکایە لە بەشی نێردراو ناو و نیشانەکانی سەرووی ئەم تێلێگرامە بسرێتەوە بەر لەوەی بخرێتە تاوتوێ کردن.

**بەڵگەنامەی ژمارە :٣٣**

*وەزارەتی کاروباری هەندەران*

*شیفرە خوێندنەوە*

*بەغدا، ٦ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٨ و ٤٥ دەقیقە.*

*( ٩ ی مانگ کاتژمێر ٧ و ٤٠ دەقیقە گەیشتووە)*

*ژمارە ٣٥٩.*

درێژەی تێلێگرامی ژمارە ( ٣٥٣) م.

به مێـژووی ٣ ی ئـەم مانگـە، سـەرکردایەتی گـشتی ئـەم ڕاگەیەنـدراوەی خوارەوەی ڕاگەیاند.

فڕۆکـەکانمان ڕۆژی ٢ ی حـوزەیران لـە بنکەکانیانـەوە لـە کـەرکووك دەرچـوون بـە سەر ئاسمانی قەرەهەنجیر، چەمچەماڵ و دەربەندی بازیان دا سووڕاونەتەوە هیچ شـوێنەوارێکی دوژمنیـان نـەبینیووە، جگـە لـە بیـست سـوارەیەك نـەبێ لـە قـەرە هەنجیر و بیست سوارەیەکی دیکە لە قەرەسەمەر کە بە میترالیۆز بۆمباباران کران.

لە ماوەی ئەم ٢٤ کاتژمێرەی دوایی شەر نەبووە.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣٤**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٧ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٩ و ٣٥ دەقیقە.***

***( ٩ ی مانگ کاتژمێر ١٧ گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٦١.***

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ( ٣٥٩) م.**

یـەك ڕەتلـی سـوپای بریتـانی لـە کەرکووکـەوە بـەرەو ئاراسـتەی چەمـچەماڵ بەرێکەوتووە و ٣ ی حوزەیران لە لایەن ٤٠٠ کوردەوە پـەلاماردراوە بـەبێ ئـەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەستبهێنن. ڕەوشـەکە هیچ گۆڕانکاریـەکی وای بـە خۆیـەوە نەبینیووە.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣٥**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٠ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ٨ و ١٥ دەقیقە.***

***( ١١ ی مانگ کاتژمێر ٩ گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٦٤.***

لە ڕاگەیەندراوێکی بیرۆی گەورەی سەرکردایەتی گشتی بە مێژووی ٦ ی ئەم مانگەدا هاتووە: "*کوردە دوژمنەکانمان بۆمبابارانکرد. ڕەوشەکە هیچ گۆرانکاریەکی وای بە خۆیەوە نەبینیووە*".

ئەم ڕاگەیێندراوە و دوو ڕاگەیەندراوی پێشوو ( تێلگرامەکانی ٣٥٩ و ٣٦١) ڕاست نین، چونکو بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیێکی تەواوە هەڵهێنجێنراون ئەوە دەردەخەن، ڕەوشەکە لە کوردستان زۆر ترسناکە و ئینگلیزەکان لەوانەیە شکستیان هێنابێت و لە زۆر جێگەدا شکستی زۆرو ژمارە گەلێکیان لە دەستداوە.، بە تایبەت سەدان شۆفێری ئۆتۆمۆبیلیان لە دەستداوە.

من لەم دەرفەتەدا هەر هێندە دەتوانم لە نووژەنەوە پەشیمانی خۆم دەرببڕم کە ئێمە هێشتا لە مووسڵ نین و و هەروەها لەوەش کە بە یەکجارەکی چارەنووسیی ئەم ناوچەیە نازانین کە وێرای تێلگرامی ژمارە ١٠٠ ی ١ دیسامبەری ١٩١٨ ی پایەبەرزتان کەچی ئینگلیزەکان وا نیشاندەدەن کە ئەم ناوچەیە بکەوێتە ناو زوونی ئینگلیزییەوە.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣٦**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٢ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٢ و ٤٠ دەقیقە.***

***( ١٣ ی مانگ کاتژمێر ٩ و٤٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٧١ .***

**سەبارەت بە کوردەکانەوە.**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٦٨ م.**

**لە ناو خەڵکدا دەڵێن کەوا کوردەکان زیندانییە ئینگلیزەکانیان لە ناو بانێژەی ماڵەکانیانەوە لە ناو تەڵبەندی داخراو داخستووە تا ڕێگە لەهێرشی بۆمبابارانی فرۆکەکانی بریتانی بگرن.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣٧**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٨ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٨ و ٤٥ دەقیقە.***

***( ٢٣ ی مانگ کاتژمێر ٧ و ٥ گەیشتووە)***

ذمارة ٣٨٠ .

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٧١ م.**

**ڕاگەیندراوێك لە کوردستانی خواروو بە مێژووی ١٥ ی حوزەیران ڕایدەگەیەنێ کەوا ڕوداوی زۆر کەم لەم هەفتەی دواییدا ڕویانداوە. زۆر لە لایەنگیرەکانی شێخ مەحموود ئەویان جێهێشتووە، بەڵام هێشتا سوارچاك و پیادەی خۆی لە گەڵە لە ناوچە هاوسێکانی دەربەندی بازیان. لە برێك لەم گوندانەی کە دەستیان لە دوژمنایەتی دژ بە ئینگلیزەکان هەیە هێزەکانی ئەمانەی دوایی چوونەتە ناو ئەم گوندانەوە. مولك و حاڵی حکومەتی بریتانی**

**بەردەستخراوەتەوە و چەند بارمتەیەکیش وەکوو گەرەنتی بۆ دوارۆژ گلدراونەتەوە. ئازووقە بە ئازادی گەیەندراون بۆ ناو زونی کەرکووک–چەمچەماڵ.**
**ڕەوشەکە بە شێوەیێکی گشتی لە بارە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٨**
***وەزارەتی کاروباری هەندەران***
***شیفرە خوێندنەوە***
***بەغدا، ٢٠ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٥ و ٣٠ دەقیقە.***
***( ٢٤ ی مانگ کاتژمێر ٢٢ گەیشتووە)***
**ژمارە ٣٨٢ .**
**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٨٠ م.**
**١٨ ی حوزەیران کاتژمێر ٤ ی بەیانی، بریتانییەکان ڕایانگەیاند کەوا دەربەندی بازیانیان بە بێ ئاستەنگ گرتووە. زیانی سەرجەمی دوژمن هێشتا نەژمێردراوە، بەڵام لە نێوان دیلەکاندا شێخ غەریب و شێخ مەحموود ئەمین دەبینرێن.**
**دەستکەوتی ئینگلیزەکان ژمارەیەکی زۆر چەك و چۆڵ، ئەسپ و مێترالیۆزە. سوارەی ئیینگلیز بەردەوامبوون لە پێشرەوی و شەو چوونەتە ناو شاری سلێمانییەوە. هەموو ئەو بریتانیانەی کە لە ناو شاردا بوون ساغ و سەلامەت بوون.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٣٩**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٣ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ٦ و ٣٠ دەقیقە.***

***( ٢٧ ی مانگ کاتژمێر ٤ و ١٥ گەیشتووە)***

**ژمارە ٣٨٤ .**

**(زۆر نهێنی).**

**سەرۆکە کوردەکان بەم دواییە داوایان لە ئینگلیزەکان کردووە لە بەرامبەر دۆستایەتیان لە گەڵ ئینگلیز، هەموو مەسیحیەکان لە سەر زەوی و زاری کوردەکان بە دووربخەنەوە بۆ ڕێگە گرتن لە گەرانەوەی هەڵاتووەکان و دەستبەسەرداگرتنەوەی مولک و زەوی و زارەکانیان. ئینگلیزەکان لەم کاتەدا ئەمەیان قەبووڵنەکرد، بەڵام لە چەند لایەکەوە دڵنیایان کردمەوە کە چەند ماوەیەکە دەسەڵاتکارانی بریتانی بە دوای ئەوە دەگەڕێن کە ئاوارەکانی بەعقووبە قەناعەت پێبکەن تا بیانگوێزنەوە بۆ کەندا. وا پێدەچێ خوشکی مارشمعوون-یش لە سەر ئەم کۆچپێکردنە ڕازیبێت.**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

کونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤٠**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٣ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ٦ و ٣٠ دەقیقە.***

***( ٢٧ ی مانگ کاتژمێر ٤ و ١٥ گەیشتووە)***

**ژمارە ٣٨٥ .**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٨٢ م.**

**شێخ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە ( ووشـەی نهـێنی)[31] ی نزیـك سـلێمانی بـە دیلگـیراوە. گوایە بریندارە. ژەنـەرالی سـەرکردایەتی گـشتی دەبـێ بـە بـێ وەسـتان خـۆی بگەیەنێتـە سلێمانی.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی *فرەنسی***

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤١**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢ ی تەمموزی ١٩١٩*** **کاتژمێر ٧ و ٥٠ دەقیقە.**

***( ٣ ی مانگ کاتژمێر ٨ گەیشتووە)***

**ژمارە ٣٨٨.**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٨٥ م.**

**لە وەتای داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن سوپای بریتانییـەوە تـا ٢٦ ی حـوزەیران چـەند ڕەتلێکی سووکی سوپای بریتانی هەموو دەربەندەکانی ناوچەکەیان تەیکردووە بـە بێـەوەی لە لایەن کوردەکانەوە بەرەو ڕووی هیچ بەرگریەکی ڕاستەقینە بووبنەوە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

---

[31] به داخەوە لە زۆر جێگەی بەڵگەنامەکان نووسراوە ووشەی نهێنی، کە ئەمانە ووشەی نهێنی بوونـە لـە نێـوان وەزارەتی کاروباری هەنـدەران و کونسـسولگەریدا کـە وا دەبـێ ووشـە نهێنییـەکان خوێندنـەوەیان ئەسـتەمەو واشدەبێت بە گوێرەی تێکستەکە دەزانین مەبەست چییە.وەرگێر.

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤٢**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٨ ی تەمموزی ١٩١٩ کاتژمێر ٧ و ٥٥ دەقیقە.***

***( ٩ ی مانگ کاتژمێر ١٦ گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٩٣.***

***درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٨٨ م.***

**لە ڕاگەیەندراوێکی ٣ ی تەمووزدا هاتووە کە لە ٢٨ ی حوزەیران ڕەتلێکی کارا لە باشوورەوە بە بێ بەرگری چۆتە ناو هەڵەبجەوە و لە گەڵ ڕەتلێکی دیکەی لە سلێمانییەوە هاتوو یەکیانگرتۆتەوە. ئاوایی عەبابەیلێ کە زۆر دژە ئینگلیز بوون و تەقەیان لە فرۆکەکانی ئینگلیز کردووە لە لایەن کوردەکانەوە چۆڵکراوە. ڕەتلێك ڕۆژی ٢٩ ی مانگ بە بێ بەرگری گوڵعەنبەریان گرت.**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤٣**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٢ ی تەمموزی ١٩١٩ کاتژمێر ٧ و ٤٥ دەقیقە.***

***( ١٣ ی مانگ کاتژمێر ٢ و ٤٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ٣٩٧.***

*دەمگۆی ئەوە باوە گوایە کۆنفرەنسی ئاشتی بریاریداوە زەوی و زارێك ( خاکێك) بە ئاشووریەکان ببەخشێ لە ورمێ وە تا سلێمانی لە ژێر پاراستنی بریتانیای فەخیمەدا. ئەم هەواڵە هەراسانیەکی گەورەی ناوەتەوە چونکە ( ووشەی نهێنی) (فرەنسی) داوایان دەکات.*

*گەلێك منەتباری جەنابتان دەبم ئەگەر وەڵامی ژمارەیەك پرسیاران بدەنەوە کە لەم بارەیەوە لێم دەپرسن.*

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤٤**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١٧ ی تەمموزی ١٩١٩ کاتژمێر ١٧ .***

***( ١٩ ی مانگ کاتژمێر ١٥ و ٥ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤٠٠ .**

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٣٩٣ م.**

**کوردستانی خواروو.**

**ڕاگەیەندراوی ڕۆژی ١٥ ی تەمووز.**

**دوو ڕەتلی چکۆڵە هێشتا لە سەر چەند خاڵێکی هەمە چەشنە هەر ماون، سەربازەکانی حکومەت ناوچەکە تەیدەکەن و سزای ئەو هۆز و سەرۆکهۆزانە دەدەن کە دژایەتیان نیشانداوە لە ماوەی ئەم سەرهەڵدانە تازەیەدا، تەنها لە ئاوایی مۆرتکە Mortke بەرەنگاییبوونەوە هەبووە کەوا زیانی ١٠ کوژراویان لە دوژمن داوە و دیلیان گرتووە و لە لایەنی ئینگلیزەکانیشەوە هیچ زیانێك نەبووە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤٥**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٢ی تەمووزی ١٩١٩ کاتژمێر ١٦ و ٢٠ دەقیقە.***

***( ٢٣ ی مانگ کاتژمێر ١٦ و ١٥ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤٠٥.**

**کۆمیسێری سیڤیل پێی ڕاگەیاندووم کە چەند ئاشووبێك بەمدواییە لە ئامێدی ڕوویداوە کە لە ئەنجامدا دوو کارداری سیاسیی و سێ ئینگلیز بە دەستی کوردەکان کوژراون. کۆمیسێری سیڤیل پێی وایە ئەم ئاشووبانە ناوەخۆیین.، هەنگاوەکان هەڵگیراون بۆ ڕێگە گرتن لەوەی تەشەنە نەکەن.**

**( وشەی نهێنی) ویلسن Wilson لە کۆمینیکاسیۆنێکی ئەمرۆیدا ٢٢ ی مانگ، ئەوە زێدە دەکات : " هەرێمی ئامێدی هەر وەك ئەوەی ئێوە دەیزانن، ژمارە یەکی زۆری مەسیحی تێدایە کە بۆ پاراستنیان ئێمە چوینە ئەم هەرێمەوە".کە لەوە دەترسێم ( وەك بەرتەکی ئەمە) تووشی ئازار بن.**

**شارل ڕۆ**
*Charles* Roux

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٦**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٢٦ ی تەمووزی ١٩١٩ کاتژمێر ٦ و ٢٠ دەقیقە.***

***( ٢٦ ی مانگ کاتژمێر ٢١ و ٣٠ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤١٢.**

**( زۆر نهێنی).**

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٤٠٥ م.**

پاتریارشی خالدیەکان دوێنێ هاتە لام نامەیەکی نایبە کەشیشەکەی موسلی دامێ بە مێژووی ٢١ ی ئەم مانگە لە بارەی ڕەشەکوژی مەسیحیەکانی ئامێدییەوە. هۆزە کوردیەکانی ئەم ناوچەیە ڕاپەریوون، کارمەندە ئینگلیز و هیندیەکانیان کوشتووە و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە و ڕەتیانکردۆتەوە دەسەڵاتی حکومەتی بریتانی بناسن. بەمبۆنەیەوە کوردەکان شالاویان بردۆتە سەر گوندە خالدیەکانی دەوروبەریان. کوشتن و تالانبرۆیی و خوێنریژی سەروماڵ و کەسەکانیان کردووە، زۆرینەی گوندە مەسیحییەکان کە توانیویانە لە دەست ڕەشەکوژی جەنگ[٣٢] ڕزگاریان ببێت، ئێستە کەوتوونەتە ژێر دەستەیی موسلمانەکانەوە. ڕۆژانە ( وشەی نهێنی) دەچێتە موسل کە هەواڵی بێهیوایی لەبارەی ڕەوشی ئێستەکەوە لە گەڵ خۆی دەبات.

( درێژەی هەیە).

شارل ڕۆ
*Charles Roux*
کونسلی فرەنس

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤٧**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٣١ ی تەمموزی ١٩١٩ کاتژمێر ١٢ و ٢٠ دەقیقە.***

***( ٢ ی ئاب کاتژمێر ٠ و ٤٠ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤١٩.**

هەواڵی ئەوە لە ئارادایە کەوا هێزی پشتیوانی ئینگلیز بەرەو مووسل وەرێکەوتوون، بە جۆرێك کە ڕەوشەکە خەریکە ببێتە جێگەی هەرەشە، بە تایبەت

[٣٢] مەبەست لە جەنگی یەکەمی جیهانییە ١٩١٤- ١٩١٨.

لەوەتای ڕووداوەکانی ئامێدی یەوە کە من پێشتر ئیشارەم پێداوە بۆ دیپارتومان، بە تایبەت لە تێلیگرامی ژمارە (٤١٢) مدا،

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
***کونسلی فرەنسی***

**بەڵگەدنامەی ژمارە : ٤٨**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ١ ئابی ١٩١٩ کاتژمێر ١٠ و ٣٠ دەقیقە.***

***( ٣ ی مانگ کاتژمێر ٠ و ٤٥ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤٢٣.**

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٤١٩ م.**

سەرچاوەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە لە ئاشوبی ئامێدیدا ٤٠٠٠ قوربانی مەسیحی هەبوون. ئەم زانیاریە کە لە موسلەوە هاتووە واپێدەچێ زێدەرۆیی تێدا کرابێت.

مەسیحیەکانی ئەلقوش هاتوون داوای پارێزگاری دەکەن و ( وشەی نهێنی) لە حکومەتی ( وشەی نهێنی) بۆ خۆپارازتنیان لە هەر هێرشێکی چاوەروانکراوی کوردەکان چل سەربازێکی ئاسووری–کلدانیان داونەتێ.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٤٩**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٤ ی ئابی ١٩١٩ کاتژمێر ١٦.***

***( ٦ ی مانگ کاتژمێر ١٤ گەیشتووە)،***

**ژمارە ٤٢٩،**

**کوردستانی خواروو.**

**درێژەی تێبێلگرامی ٤٠٠ م.**

ڕۆژی ٢٩ ی تەمموز ڕەتلێکی سەربازی کە لە ١٠ میلی ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە ملی لە هێرشبردن نابوو، بە توندی لە لایەن ( ووشەی نهێنی) هێرشیان بردراوەتە سەر کە وا باوەر دەکرێ سەر بە ئەو دیوو سنووری فارس بن، کە لە لایەن گوندشینەکان و ئەندامی هۆزەکانی ئەم ناوچەیەوە پشتیوانیان لێکراوە. هێرشەکە بە زیانێکی زۆرەوە بەرپەچدراوەتەوە. هەمان ڕۆژ، کاروانێک لە ڕۆژهەڵاتەوە هاورێ لە گەڵ گوردانێکی زرێپۆش دەورەیان دراوەو لە ملە چیاییێکی قووڵەوە پەلاماردراون. دوژمن تێکشکاوەو و کاروانەکە توانیوویە ساغ و سەلامەت دەربچێ.

(ووشەیەکی نەناسراو) یەکانی هەڵەبجە کە لەو کردانەدا بەشداریان بووە و چاك شەریانکردووە، چەند زیانیان لێکەوتووە. دوو ڕەتلی سەربازی لەم چەند ڕۆژەی دوایی هێرشییان کردۆتە سەر هەرێمەکانی سەنگەسەر (ووشەیەکی نەناسراو) قەرەداغ یان لە باشووری ڕۆژئاوای سلێمانی تەیکردووە و سووپا چووەتە ناو زۆربەی گوندەکانی دوژمن، چەکەکانیان دەستیبەسەرداگیراوەو سووپا چەند سەرۆکێکی دوژمنی ( سزاداوە) و برێکیشی لێبەدیلگرتوون.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٠**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٥ ی ئابی ١٩١٩ کاتژمێر ١٣.***

***( ٦ ی مانگ کاتژمێر ٢٠ و ٢٥ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤٣٣.**

**کوردستانی ناوەند.**

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٤٢٣ م.**

**ڕاگەیەندراوی ٢ ی ئەم مانگە. دوای لەشکرکێشیەکی پڕ ئەستەم بە ناو وڵاتێکی چیاییدا، هێزەکانی بریتانی لە بەرەبەیانی کازێوەی ١ ی ئابدا، ئاوایی مو (ووشەیەکی نەناسراو)[٣٣] یان لە هەرێمی ئامێدی گرت.**

**دوژمن دوای بەرگریەکی دوو سەعاتی خۆی بەدەستەوە داوە. شێخێکی گەورەو نزیکەکانی لە ناو بەدیلگیراوەکان دەبینرێن. برێکی بێشوماری چەك و ئازووقە دەستیان بە سەردا گیراوە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

---

[٣٣] بەداخەوە نەمزانینی ناوی تەواوی ئەم ئاواییە چییە. وەرگێر.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥١**

***وەزارەتی كاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٥ ی ئابی ١٩١٩ كاتژمێر ١٥ و ٥٠ دەقیقە.***

***( ٧ ی مانگ كاتژمێر ١٩ گەیشتووە)***

**ژمارە ٤٣٤.**

**درێژەی تێلێگرامی پێشوو.**

**دەگەڕێمەوە بۆ سەر تێلگرامی ژمارە ٥٣ م.**

**( زۆر نهێنی).**

**بە پێچەوانەی ئەو هۆیانەی كە لەم مێژووە لە لایەن سەركردایەتی بریتانییەوە دراوە و بە بێ ئەوەی پرس بە ئاغا پەترۆس بكرێ، بەتالیۆنێكی ئاسووریەكانی بەعقووبە هەر ئێستە لە ڕێگەی بەغداوە بۆ موسل بەڕێكراوە. ئەم بەتالیۆنە لە ١٠٠٠ سەربازی پیادە و ٢٠٠ سەربازی ئەسپسوار پێكهاتووە، دەبێ هەتا ڕادەیەك بە پەلە بەرەو زاخۆ و ئامێدی بنێردرێن بۆ جەنگی كوردەكان.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**كونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٢**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***بەغدا، ٦ ی ئابی ١٩١٩ کاتژمێر ١٢ و ٢٠ دەقیقە.***

***( ٧ ی مانگ کاتژمێر ١٨ گەیشتووە)***

***ژمارە ٤٣٥.***

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە پێشوو.**

**لە کاروباری تایبەت بە ڕاگەیەندراوی ڕۆژی ٢ ی ئەم مانگە لە بارەی کوردستانی ناوەندەوە هاتووە کەوا زیانی دوژمن ١٧ کوژراو و ٦ بریندارە.**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٣**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٨ ی ئابی ١٩١٩ کاتژمێر ٩ و ٤٥ دەقیقە.***

***( ٢٩ ی مانگ کاتژمێر ١ و ٤٥ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤٤٦.**

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٤٣٣ م.**

**کوردستانی ناوەند.**

**دوای لەشکرکێشیەکی ناگەهان و خۆبەدەستەوە دانی بامەرنی لە ١ ی ئەم مانگە، چەند ڕەتلێکی بریتانی هەموو ئاواییەکانی خوارووی سەر ئامێدیان تەیکردووە بێ ئەوەی تا ئاوایی ئارادینا Aradina بەرەو ڕووی هیچ بەرگریەك ببنەوە بە شێوەیەك کە ٥ ی مانگ ئابلۆقە دراو و خۆی بەدەستەوە دا. هەمان ڕۆژ بریتانییەکان بە بێ بەرەنگاری ئامێدیان گرت. ژمارەیەك لە شەریکەبەشەکانی**

**بکوژی ئەفسەری سیاسیی و یاوەرەکانیان دەستگیرکردوون. ژمارەیەکیان حوکم دراون و لە سێدارە دراون یا سزا دراون، هەندێکی دیکە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا کراوە.**

**ڕۆژی ٨ ی مانگ ڕەتلێکی بچووکی سەرەتاتکێکار** (استطلاع) reconnaissance **لە کاتی چاوەروانیکردنی بۆ گەیشتنی هێزی پشتیوانی ئەم ناوچەیەوە لە باکووری ئامێدیەوە پەلاماری بردراوەتە سەر و زەرەر و زیانی لێکەوتووە. دوای کردەیەکی چوونە ناوقوڵاییەوە دوای ئاستەنگی ڕێگەبان و گوللە بارانێکی لە بەرزاییەوە، دۆندی سەرەکی ترۆپکی ئامێدی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە گیراوە و دوژمن بە زیانەوە بەرەو باکوورەوە پاشەکشەی کردووە.**

**شارل رۆ**
Charles Roux

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٤**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ٢٢ ی ئابی ١٩١٩ کاتژمێر ١١ و ١٥ دەقیقە.***

***( ٢٣ ی مانگ کاتژمێر ١١ و ١٥ دەقیقە گەیشتووە)***

ذمارة ٤٥٠ .

**لە سەرچاوەییێکی تەواو ( ووشەی نهێنی) و شایانی ( ووشەی نهێنی) یەوە ئاگاداربووم کەوا دەسەڵاتکاران چەند ڕۆژێکە جارنامەیەکی نووسراویان خستۆتە بەردەست ژمارەیەك لە سەرۆکە کوردەکان بۆ ئەوەی لە ناو هەموو کوردستان بڵاوی بکەنەوە کە ناوەرۆکەی ئەمانەیە:**

**١- خەڵکی ئەرمەنستان و کوردستان خۆیان حوکمی (ووشەیەکی نەناسراو) دەکەن و پاشایەك لە ناو خۆیاندا هەڵدەبژێرن و کۆمارێك دروستدەکەن.**

**٢ - لە کۆنفرەنسی ئاشتی، ئەوە حکومەتی بریتانیایە کە پرسی کوردی خستۆتە ئەستۆی خۆیەوە.**

**٣- تەنها کارمەندە تورکەکان بەرپرسیارن ( سێ ووشەی بڕدراو )[٣٤] ن.**
**٤ - هەرچی سەبارەت بە کوردەکانە کە بەدەستی ئەررمەنیەکانەوە کوژراون، چەند کارمەندێکی تورك ( ووشەی نهێنی ) ئەرمەنی بەرپرسیارن لە کوشتنیان.**

**شارل رۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٥**
***وەزارەتی کاروباری هەندەران***
***شیفرە خوێندنەوە***
***(بەغدا، ٢٩ ی ئابی ١٩١٩ کاتژمێر ٩ و ٥ دەقیقە.***
***( ٣٠ ی مانگ کاتژمێر ٣ و ٢٥ دەقیقە گەیشتووە)***
**ژمارە ٤٥٩.**
**هۆیدەر، ٢٨ ی ئاب.**
**دەگەرێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ٤٣٤ م.**

**بەگوێرەی برێك دەمگۆی باو لە بەغدا ئەم بەتالیۆنە هەر بەتەواوی لە لایەن کوردەکانەوە لە ناوبراوە. لە شوێنێکی بەرچاو و بە بێ بەرگری کە لە وانەیە لە ناکاو بەسەریاندا دابێت، بە پێچەوانەوە لە کامپی بەعقووبەوە ئینگلیزەکان دەڵێن ئەم بەتالیۆنە پاڵەوانیەتیەکی زۆری نواندووە و کوردەکانی ڕاوناوەو خۆی بۆ جەنگێکی نوێ ئامادە دەکات. ئاسووریەکان لەوپەڕی وورییایی دان.**

**شارل رۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

---

[٣٤] به داخەوه نازانرێ داخۆ ئەم سێ ووشه بڕدراوه چین، وەرگێر

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٦**

***وەزارەتی كاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٦ ی سێپتامبەری ١٩١٩ كاتژمێر ١٠ و ٤٥ دەقیقە.***

***( ١٧ ی مانگ كاتژمێر ١٢ و ٥٠ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٤٨٠.**

هەواڵی وا هەیە كەوا لەشكری هیندیە موسڵمانەكان لە كوردستاندا خیانەتیان لە ئینگلیزەكان كردووە لەو ئۆپیراسیۆنانەی لە كاتی ئاشووبەكانی ئەم دواییەوە ڕوویانداوە، سەربازە هیندیەكان تەقەیان بە ئاسمانا كردووە، سەركردایەتی ناچار بووە هەر بەراستی سوپا گەلێكی زۆر بكێشێتە دواوە

شارل ڕۆ

*Charles Roux*

كونسلی فرەنسی

**.بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٧**

***وەزارەتی كاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ٩ ی ئۆكتۆبەری ١٩١٩ كاتژمێر ١١ و ٤٠ دەقیقە.***

***( ١٠ ی مانگ كاتژمێر ٧ گەیشتووە)***

***ژمارە ٥١١.***

درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٤٨٠ م.

ئاوایی شیرناخی نزیك زاخۆ، ئەوەی كە لە لایەن ( ووشەی نهێنی) چۆڵكراوە، كوردەكان هاتوون سووتاندویانە و ژمارەیەك قوربانی مەسیحی هەن.

شارل ڕۆ

*Charles Roux*

كونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٨**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ کاتژمێر ١٦ و ٥٥ دەقیقە.***

***( ١٩ ی مانگ کاتژمێر ٣ و ٥٠ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٥٢٤.**

**هۆنەیدەر، ١٦ ی ئۆکتۆبەر.**

**ڕاگەیەندراوێکی ئۆفیسالی ئینگلیز لە کوردستانی ناوەند ( کە لە ١٤ ی مانگ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە).**

**لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری خابوورەوە، لەشکرەکانمان چوونەتە ناو هەموو ئاواییەکانی دوژمن، هەروەها شیوە هاوسێیەکانی سنووری ئاگربەسیشەوە** frontière l'armistre **بە دێر، شێریش، ئۆسیبی و خانیك- یشەوە.هەموو بەرەنگاریبوونەوەیەك بە ئاسانی دەستیبەسەردا گیراوەو و ئاسایش جێگیر بووە.**

**لە ڕۆژئاوای هەمان ڕووبارەوە، ڕەتلەکانمان ئەوانەی پەریونەتەوە دەربەندی گولی و سندی یان پاککردۆتەوە و بەرەو ناوچەکانی گۆیان پێشرەویانکردووە، ئەمانەی دوایی لە دوو چالاکی زیندوو دا شکاون. دۆڵەکانیان، ئاواییە سەرەکیەکەیان کیارە (ووشەیەکی نەناسراو) دەگرێتەوە داگیرکراوە و لە سۆنگەی ژمارەیەك کردەی دوژمنکارانەیان سزای توونـد دراون. لە تەواوی کوردستانی ناوەند " لە ناو سنوورەکانی ئێمەدا " لەو ناوچانەی پاککراونەتەوە لەشکرەکانمان خۆیان دەکێشنەوە.**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٩**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ٢٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ کاتژمێر ٨ و ٥٠ دەقیقە.***

***( ٢٩ ی مانگ کاتژمێر ٤ و ١٥ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٥٤٣.**

**بە گوێرەی زانیارییەکان، ئیدارەی بریتانی بڕیاریداوە:**

**١- ڕێگەیەك لە نێوان قزلرەبات ( لەسەر ئەو ئاسنینە ڕێگەیەی بۆ خانەقی و کەرکووك دەچێ دروستبکات.**

**٢- ڕێگەیەکی دیکە لە نێوان نوختەخالی ئامێدی ( لەوانەیە بێجی بێ ) و سلێمانی دروستبکات.**

**لە لایەکی دیکەوە، ڕێگەی نێوان بەغدا و کوت ئەلعەمارە دەبێ بەمزووانە نەمێنێ و ئاسنینە ڕێی فورات لە نێوان بەسرەو بەغدا دەبێ لە کۆتایی ساڵدا کۆتایی پێبێ.**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

***بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٠***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٠ نۆڤەمبەری ١٩١٩ کاتژمێر ٢٠ و ٢٠ دەقیقە.***

***( ١٥ ی مانگ کاتژمێر ١١ و ٤٠ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٥٦٣.**

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە پێشوو.**

**گەیشتنی مسیۆنی** Caujole **تەواو بە فریامان کەوت، کارەکەی ئەو نێردەیە بووە پاڵپشتیەکی مۆراڵ و دڵسۆزی ئەو فرەنسیانەی کە ئەو ئەرکە ( مسیۆن)**

mission ڕادەپـەڕێنن یادەوەریـەکی لـە بـیر نەچـوویان بـە شـوێن خۆیانـەوە جێهێشت.

لــە کۆتــایی ســاڵی ١٩١٧ەوە ئەفــسەرێکی ئینگلیــز کــەوا لــە لایــەن حکومەتەکەیـەوە نێردرابـوو، هـات ئـەو وادانـەی ( ڕووسـەکان) بـۆ سـەربەخۆیی دووپاتە بکاتەوە ئەگەر ئێمە بەردەوام بین هاوشانی هاوپەیمانەکان بجەنگین.

وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی دیاریکراوی سەربازەکانمان لە گەڵ تورك و کوردەکان جەنگاون.

ئێمـە زیانێکی زۆرمـان لـە دوژمـن داوە کـە بە هێزێکـی ٦٤٨٠ سـوارە، ٣٠٠٠ پیادە، ٨ تۆپ و ٨ میترالیۆز دەوریاندابووین، ئێمـە سنووری خۆمـان پاراست دژ بـە ٣٨٥٠٠ تـورك، ١٠٠٠٠ کـورد و ١٦٠٠٠ فـارس. لـە فێڤریـەوە تـا تـەمموزی ١٩١٨ نزیکەی یەك بە دوای یەك ١٤ جەنگمان کردووە، ٨٨٤ دیلمان گرتووە، لـە گەڵ ٢٨ میترالیـۆز، ٦ تـۆپ، ٨٠٠٠٠٠ فیشەکدان، ٧٧٨ سـەرەئاژەڵ و ٢٠٠٠٠٠ سـەرە مـەر بەرامبـەر بـەوە زیـانی ئێمـە ٤٠٠ کـوژراو، ٧٠٨ بریـندار، ئەفسەرێك، ٤٠٠ پارچـە چـەك و ٥١ ئەسـپ بـووە. وێـڕای بۆمبابـارانی ٦٤ تـۆپ و ٢٠٠ میترالیۆزی دوژمن کەچی ئێمە هەر سەرکەوتین.

( درێژەی هەیە).

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٦١**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٤ ی نۆڤەمبەری ١٩١٩ کاتژمێر ١١ و ٤٠ دەقیقە.***

***( ١٨ ی مانگ کاتژمێر ١٢ و ٥٥ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٥٧٨.**

**بە گوێرەی زانیارییەك لە سەرچاوەیەكی نهێنییەوە، دەسەڵاتكارانی بریتانیا داوایـان لـە حەمـدی بـەگی بابـان كـردووە كۆمـەگیان بكـات تـا لـە سـلێمانی پڕوپاگەندەی ئینگلیزخواییان بۆ بكات.**
**حەمدی بەمزووانە لە بەغداوە بەرێدەكەوێ**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*

***بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٢***
***وەزارەتی كاروباری هەندەران***
***شیفرە خوێندنەوە***
***(بەغدا، ١٧ ی نۆڤەمبەری ١٩١٩ كاتژمێر ١١ و ٤٠ دەقیقە.***
***( ١٨ ی مانگ كاتژمێر ١٢ و ٥٥ دەقیقە گەیشتووە)***
**ژمارە ٥٧٩.**
**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٥٧٥م.**
(<u>نهێنی</u>).
**لـە گـەڵ ئـەو ئینگلیزانـەی لـە لایـەن كوردەكانـەوە كـوژراون، ١٤ سـەربازی ئاسـووری كـەمپی بەعقوبـەش هـەبوون كـە ١٠ یـان لێكـوژراوە. سـەری ئەفسەرە بریتانیەكانیان بڕیووەو بە دارێكیـان وەكردووە و كوردەكان بە دەوریـەوە ٣ ڕۆژ هەڵپەركێیانكردووە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٣**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٣ ی دیسامبەری ١٩١٩ کاتژمێر ١٥ و ١٠ دەقیقە.***

***( ١٨ای دیسامبەر کاتژمێر ١٤ و ٣٠ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٦٢٥ .***

**لە سەرچاوەیکی ئینگلیزی و ووردەوە ئەوەییان پێراگەیاندم:**

**فرەنسیەکان زۆر بە زەحمەت ئۆرفەیان داگیرکردووە و لە ماردین لە گەڵ کوردەکان و بەدەویەکان بەرەو ڕووی بەرەنگاریەکی سەخت بوونەتەوە. فرەنسیەکان ناچار بوون تەقە لە بەرهەڵستکارەکان بکەن. ژمارەیەك کوژراو هەیە.**

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٤**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٩ ی دیسامبەری ١٩١٩ کاتژمێر ١٦ و ٣٠ دەقیقە.***

***( ٢٧ ی مانگ کاتژمێر ١٢ و ٥٥ گەیشتووە)***

***ژمارە ٦٣٥ .***

**زانیوومە کە لەم ڕۆژانەی دوایی ئینگلیزەکان بە کەفالەت** sous-caution **لە ( ووشەی نهێنی ) شێخ بەهائەدین[٣٥] ، سەرۆکی ئایینی کوردەکان، کە شێخێکی زۆر**

---

[٣٥] **شێخ بەهائەددین کوری شێخ سەلیمە. لە شێخەکانی تەریقەی نەقشبەندیە لە ئاوایی بامەرنی، خاوەنی نفوزێکی گەورەیە لە لای خەڵکی ناوچەی ئامێدی، بنۆرە: د.ولید حمدی، الکرد و کردستان فی** الوثائق البريطانية، **لندن، ١٩٩٢ ص:٤٤٣**

گـەورەی ئـا وایی بامــەرنی، هــەرێمی ئامێدییــە ئــازادکردووە. شــێخ جێگــەی حەوانـەوەی بـۆ دانـراوە و مانگانەیـەکی ٣٥٠ ڕووپیـەی بـۆ بڕاوەتـەوە. شـێخ قەدەغەیە بەغدا بەجێبهێڵێ.
ئەم شێخە لە وەتای سێ مانگەوە لە زیندان بووە.

شارل ڕۆ
*Charles Roux*
کونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٥**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٦ ی دیسامبەری ١٩١٩ کاتژمێر ١٤ و ٥٥ دەقیقە.***

***( ١٨ ی مانگ کاتژمێر ٢ گەیشتووە)***

***ژمارە ٦٣٧ .***

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٦٣٢ م.**

ئاغا پەترۆس بەو هیوایەی کە بەخششەکەی لە لایەن ژەنەرل گۆروو Gouraud ەوە پێبەخشرێ، هات ئەوەی بۆ لێکدامەوە کە پێشنیاری بۆ حکومەتی فرەنسی کردووە تا کارئاسانی پێویستی بۆ بکەن تا بەناو موسڵدا تێپەر ببێ لە سایەی پێوەندی هاورێیانەی لە گەڵ سەرۆکە کوردیە سەرەکیەکان. ئەو لەوە بێگومانە لەوەی لەوانەیە ئەمە بەردەستبخات ئەگەر ڕەوشەکە لە ناوچەکە نەشێوێ و بتوانێ هەروەها ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری لایەنگیر بە قازانجی فرەنسا بە کێش بکات. هاریکاریەکەی بۆ ئێمە سوودێکی گەورەی دەبێ.

شارل ڕۆ
*Charles Roux*
کونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٦**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٦ ی دیسامبەری ١٩١٩ کاتژمێر ١٧ و ١٥ دەقیقە.***

***٢٧ ی مانگ کاتژمێر ١٧ و ٢٠ دەقیقە گەیشتووە)***

***ژمارە ٦٣٨ .***

پروپاگەندەی زۆر و زەوەندەی دەسەڵاتکارانی ئینگلیز لە بارەی کاروباری ئەل–زوورەوە ( ووشەی نهێنی) حەپەساویەکی زۆری لای خەڵك پەیداکردووەو بووەتە جێگەی قسە لەسەر کردن. ڕاستیەکەی ئاشووبەکانی کوردستان هێشتا لە بیرمان ماوە کە سەرەتا ماوەیەکی دوورودرێژ لە خەڵکیان شاردەوە، دواتر زۆر بە کەمی ئاشکرایان کرد. منیش هەروا سەرسام بووم داوای هۆیەکیم لە خاتوو بیل Mlle Bell کرد، وەڵامی دایەوە کەوا هەواڵەکە زۆر بە خێرایی بڵاوبۆتەوە، شاردنەوەی بێسوودە: زێتر لەوە بەریلێبگرین چونکە (ووشەی نهێنی) زێدەرەوی کارێکی ترسناکە. تایبەتمەندێتی ئەم بەڵگەهێنانەوە ئەوەیە کە دەسەڵاتکارانی بریتانی بۆ ئەم مەبەستە لەوەی پێشوو زێتر بە هێندی هەڵناگرن، خەڵك ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردەکانن.

**شارل ڕۆ**
*Charles Roux*
**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٧**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ١٩ ی دیسامبەری ١٩١٩ کاتژمێر ٧ .***

***(٢٨ ی مانگ کاتژمێر ١٦ و ٢٠ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٦٤٩ .**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٦٢٥ م.**

بــه شــێلگیریەوە قــاو وا بڵاوبۆتــەوە گوایــە شــەڕێکی خوێنــاوی لــە نێــوان فرەنسیەکان و ئیتحادیەکان unioniste لە دەوروبەری ماردین بەرپابووە.

شارل ڕۆ
*Charles Roux*
کونسلی فرەنسی

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٦٨**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

***شیفرە خوێندنەوە***

***(بەغدا، ٢٠ ی دیسامبەری ١٩١٩ کاتژمێر ١٤ و٣٠ دەقیقە .***

***(٢٠ ی مانگ کاتژمێر ٢١ و٤٠ دەقیقە گەیشتووە)***

**ژمارە ٦٥٠ .**

**( بە پەلە).**

دەمگــۆی ئــەوە بــاوە کــە ڕاپــەرینێکی زۆر تــەواوی عــەرەبی- کــوردی لــە ناوچــەکانی قەلــەمڕۆی فرەنــسەوی دا لــە sonkalaat[٣٦] – شــەرگات لــە مووســل و زاخۆ بەرپابووە. دەڵێن گوایە عەرەبەکان هەتا ئەوەی دەستیان بەسەر شەرگات دا گرتووە.

ئەم ڕەوشە دەسەڵاتکارانی لە بەغدا زۆر نیگەران کردووە.

شارل ڕۆ
*Charles Roux*
کونسلی فرەنسی

---

[٣٦] بە داخەوە نەمانزانی ئەم Sonkalaat یە مەبەست لە کوێ یە.

## بەشی دووەم

# ئۆر ئئنالا ئ بەڵ ئە نا ئە
# فوفنسففه فاف